



# سەربەخۆیی کوردستان پرسێکی نێودەوڵەتییە

## ئەقڵییەتی لۆکاڵ و خواستی داگیرکەران ناتوانێت ئاستەنگی بۆ دروست بکات

«کاتێک باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەین، دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین: ئایا هەلومەرجەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە عێراقدا پێگەیشتووە؟ بێگومان کوردی عێراق ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە سەربەخۆییەکی ئەمری واقیعیان هەیە، لە ئێستاشدا کە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی راستەقینە رووبەڕووی عێراق و تورکیا بۆتەوە، ئەوا سەربەخۆیی فەرمییش لەناو دەستی کورددایە. راشکاوانەتر شکستی دەوڵەتی عێراق و لەبەریەک هەڵوەشانی سووریا و ئەو گۆڕانکارییانەی لە تورکیادا روویان داوە، هەلێکی لەباری بۆ کورد هێناوەتەئاراوە.

راستە ئەم هەلومەرجە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە کورد بگوترێت (شادروستکەر–King maker)ی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە، بەڵام سیاسەتی کورد و هێزە سەربازییەکەی بوونە ئەو فاکتەرەی بە باشی لەناو جیۆپۆلیتکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەشە دەکەن، ئەم حاڵەتە نەک هەر تەنیا تەحەددییەکی تازەی بەرهەمهێناوە، بەڵکو ئەگەری نوێی بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەرهەمهێناوە.

کاتێک دۆناڵد ترەمپ ئیدارەی خۆی پێکهێنا، بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ لەو روانگەیەوە سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای شەڕی داعش و ئازادکردنەوەی موسڵ و رەققەیان دەکرد، کە دەبێت هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ کورد بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش، بەشێک لە بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نفووزی خۆیان بەکاربهێنن و لەگەڵ بەرەوپێشەوە چوونە سیاسییەکان بیگونجێنن لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا.

لەوانەیە پەکەکە و پەیەدە نەتوانن سوود لەم هەلە وەربگرن، بەڵام کوردی عێراق لە پێگەیەکی زۆر باشدان بۆ ئەوەی بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێن، لەم پرسەشدا ئاستەنگی گەورە لەبەردەمیان دەمێنێت، بەڵام بە پێکەوەگرێدانەوەی سەقامگیریی هەرێمی و ئازادکردنی موسڵ و بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق، ئەوا ئەمانە دەبنە هۆکار و پاڵنەر بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە مێژووییەی کورد بێتەدی.

مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوای ئازادکرنەوەی شارۆچکەی باشیک سەردانی ئەو شارۆچکەیەی کرد و لەوێ رایگەیاند: دەوڵەتی عێراق شکستی هێناوە. هەروەها لە شوباتی ٢٠١٦ ش رایگەیاند: بوونی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەقیقەت و واقیعییە، بۆیە کوردیش حەقی خۆیەتی وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە بە مافەکانی خۆی بگات، ئەو مافانەی کە سرووشتین و پەروەردگار پێی بەخشیوە، بۆیە ناکرێت لەژێر هیچ بڕوبیانوویەکدا نکۆڵییان لێ بکرێت. بێگومان لێدوانەکانی مسعود بارزانی کورت و پڕمانان.

لەدوای تەواوبوونی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ، ئیدی هۆکارگەلێکی زۆر کەم دەمێنن کە کورد لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، هەر بۆیە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیستمی سیاسیی ئێستای

**● دیمانەکەی سەرۆك بارزانی و پرۆژەی فۆرین پۆلیسی بۆ دابەشکردنی عێراق**

ئەو دیمانەی گۆڤاری فۆرین پۆلیسی لەگەڵ سەرۆك بارزانی سەبارەت بە پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ئەنجامیداوە و لە رۆژی ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٧ دەقی دیمانەکە و راپۆرتێکی لەسەر بڵاوکردۆتەوە، تەنیا وەك دیمانەیەکی رۆژنامەوانی لە گۆڤارێکی ئاسایی هەڵسەنگاندنی لەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قەوارەی ئەم گۆڤارە، وەك بڵاوکراوەی ناوەندێکی گەورەی فیکری لەسەر ئاستی رای گشتیی ئەمریکا و کاریگەریی لەسەر کۆنگرێس و دیپلۆماتکار و بڕیارسازانی ئەمریکا.

گۆڤاری فۆرین پۆلیسی، ساڵانە بە

عێراق ناتوانێت گەرەنتی مافەکانی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا دەستەبەر بکات، ئەمەش وایکردووە کە کورد بیر لەوە بکاتەوە، بە چ ڕێگەیەک لە عێراق جیاببێتەوە، بۆ ئەمەش پێیان باشە تاکلایەنە بڕیاری سەربەخۆیی نەدەن و بە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە، ئەمەش بەو مانایەی، بوونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ بەغدا، پرسێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ و سەقامگیر. دیارە دەبێت هەولێر و بەغدا لە پرۆسەی دانوستاندا ئارامگر بن، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی کوردستان نەبێتە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیری.

زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە ئامادە نییە بۆ سەربەخۆیی، بەڵام ئەم هۆکارە نابێتە ئاستەنگ لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێک کوردستان و عێراق دەکەونە دانوستاندن لەسەر پرۆسەی جیابوونەوە، ئەوا واشنتۆن دەتوانێت پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان بدات، بەبێ ئەوەی عێراق هەست بکات، ئەمە دژی ئەو دەکرێت. هەروەها سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بە هاریکاریی زیاتری سەربازی و مەشق و ڕاهێنان و دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە هەیە، بەمەش ئەمریکا هاوپەیمانێکی بۆ دروست دەبێت کە هاوبەش بێت لە پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیەی کە زۆر بە ئاشکرا ناسەقامگیری تێدایە.

تورکیا لە دوای ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو دەستتێوەردان لە عێراقدا بکات، بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان دروست نەبێت، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ـەوە پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووری و سیاسی و دیپلۆماتی لەنێوان تورکیا و کوردستان دروست بووەو چیدیکە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردستان وەک هەڕەشە و مەترسی پێناسە ناکات، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە تورکیا بە شێوەیەکی زمنی سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ دەکات.

سەبارەت بە ئێران، لە ئێستادا پشتگیریی هەڵوێستی حکومەتی بەغدا دەکات و جەخت لە یەکپارچەیی عێراق دەکاتەوە، بۆ ئەمەش ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێتە ناوبژیوان لە نێوان هەولێر و بەغدادا. ئێران لەیەک حاڵەتدا بە جددی دژی سەربەخۆیی کوردستان دەبێت، ئەگەر بەغدا پرسی دانوستاندن بۆ جیابوونەوە لەگەڵ هەولێر ڕەتبکاتەوە، بەڵام ئەگەر بەغدا دەستی کرد بە دانوستاندن لەگەڵ هەولێر، ئەوا ئێرانیش وەک تورکیا هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان بگونجێنێت و ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی سوود لەو واقیعە تازەیە وەربگرێت.»



•••

چەند پەراگرافێک لە وتاری «ئایا هەلومەرجەکە بۆ دەوڵەتی کوردی لە عێراقدا پێگەیشتووە؟» لە نووسینی (ستیڤن کوک) گەورە توێژەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە و نووسەری کتێبی (کازیوەی درۆزن: نارەزایی و توندوتیژی و دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا).

هاوبەشی لەگەڵ سندوقی ئاشتی بۆ جیهان (The Fund for Peace) ڕاپۆرتێك لەسەر دەوڵەتە شکستخواردووەکانی جیهان بڵاودەکاتەوە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ یشەوە، ساڵانە بە هاوبەشی لەگەڵ سندوقی ئاشتی بۆ جیهان ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر عێراق ئامادە دەکات و لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە ئەم ناوەندە فیکرییە و سندوقی ئاشتی ڕاپۆرتێکیان بە ناونیشانی (ڕێگای دەربازبوون: یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقە- A way out: the union of Iraqi States) بڵاوکردووەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دوو ناوەندە فیکرییە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ ڕێگەیەك لەبەردەم عێراقدا نەماوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە هاوشێوەی یەکێتی ئەورووپا، یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق دروست بکرێت. بیرۆکەی ئەم ڕاپۆرتە لە پێشنیارەکەی

**ئەوانەی خۆیان کردۆتە کڵاوسوور و بەوەکالەتی ئێران دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، لەگەڵ کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان ناسنامەی ئەوانیش ئاشکرا دەبێت و بێجگە لەوەی لەبەردەمی گەلی کوردستان شەرمەزار دەبن، لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانیشدا جێگەیان نابێتەوە**

**هەموو جیهان دەزانێت کورد لە ریفراندۆمدا چ بڕیارێک دەدات و هیچ دەوڵەتێک، یان ناوەندێکی نێودەوڵەتی چاوەڕێی کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان ناکات و لە ئێستاوە قسەکردن و هەڵوێستیان لەسەر ریفراندۆم، قسەو هەڵوێستیانە لەسەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان**

**هیچ گومانێک لەسەر ئەوە نییە کە خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق دەنگدەدات، بۆیە ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک بە رێژەی ١٠٪ لە خەڵکی کوردستان دەنگ بە (نەخێر) بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن، جیهان دەزانیت، ئەم (نەخێر)ە دەنگی خەڵکی کوردستان نییە و دەزانن کێ لە پشتی ئەو دەنگەیە**

لیسلی گلپ سەرۆکی فەخریی ئامۆژگای ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە (www.cfr.org) کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ داوادەکات لەچوارچێوەی دابەشکردنێکی نەرم عێراق بکرێتە سێ هەرێمی (کورد و شیعە و سوننە)، ئەم پێشنیارە لە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن جۆزیف بایدن کە ئەو کات سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەنات بوو، پەسەند کراو بووە پرۆژەیەك لە سەنات و کۆنگرێس و بایدن ناوی لێنا پلانی (B) بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، بەڵام دوای ئەوەی شەڕی شیعە و سوننە لە ٢٠٠٦ گەیشتە حاڵەتێکی زۆر مەترسیدار، فۆرین پۆلیسی و سندوقی ئاشتی بۆ جیهان پێشنیاریان کرد کە پرۆسەی دابەشکردنی عێراق لە (دابەشکردنێکی نەرم - Soft partition) بگۆڕێت بۆ (بەڕێوەبردنی دابەشکردن- manage partition)، هەروەها لەبری ئەوەی عێراق دابەشبکرێت بۆ سێ هەرێم لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، بکرێتە سێ دەوڵەتی سەربەخۆ لە رووی سیاسییەوەو هاوبەش لە رووی ئابوورییەوە و پاشان یەکێتییەك لەنێوانیان دروست بکرێت بەناوی (یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق) بە هاوشێوەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لەو گۆڕانکارییە وردە بدەین کە فۆرین پۆلیسی و سندوقی ئاشتی بۆ جیهان لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ دابەشکردنی عێراق خستوویانەتەڕوو، کە ئەویش گۆڕینی دابەشکردنی نەرمە بۆ بەڕێوەبردنی دابەشکردن، ئەوا ئەم وەرچەرخانە ئەوەمان پێدەڵێت لە پرۆسەی (دابەشکردنی نەرم) بۆ عێراق، عێراقییەکان خۆیان دەبێت بڕیار لەسەر ئەو دابەشکردنە بدەن و دەوڵەتەکەیان بە سەر سێ هەرێمی (کورد و سوننە و شیعە) لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا دابەش بکەن، بەڵام لە (بەڕێوەبردنی دابەشکرندا) ئەم پرۆسەیە دیسان دەبێتە پرۆسەی دانوستاندن لەنێوان هەر سێ لایەنی (کورد و شیعە و سوننە) بە ناوبژیوانی و شاهیدی لایەنی سێیەم کە ئەمریکایە، پاش رێککەوتنیان لەسەر دابەشکردنی عێراق بۆ سێ دەوڵەت، ئینجا دەستوورێکی تازە دەنووسنەوە بۆ ئەوەی لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆ بن و لە رووی ئابوورییەوە هاوبەش بن.

بێگومان لەدوای داگیرکردنی موسڵ و هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان بەگشتی و لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٤وە بەتایبەتی، لەناو سەنات و کۆنگرێسی ئەمریکادا ئەو قەناعەتە دروست بووە کە جارێکی دیکە عێراق ناگەڕێتەوە بۆ پێش حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤و پێویستە مامەڵەیەکی راستەوخۆ لەنێوان کوردستان و ئەمریکا دروست بێت و راستەوخۆ ئەمریکا چەك بداتە پێشمەرگە و مەشق و راهێنانیان پێ بکات، بەڵام ئیدارەی ئۆباما لەبەر ئەوەی ساڵی ٢٠١٦ ساڵی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا بوو، نەیتوانی بە راشکاوی و بە فەرمی دەستبەرداری سیاسەتی (یەك عێراق) بێت لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق، بەڵام بەشێوەیەکی کرداری هەنگاوی جددی بۆ پشتکردنە سیاسەتی (یەك عێراق)ی لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق پیادە کرد، بەتایبەتی کە لە تەموزی ٢٠١٦ یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن ئیمزا کرا، پاشانیش بە ئامادەبوونی ئەمریکا رێککەوتنێك لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ ئیمزا کرا، ئەم وەرچەرخانە لە سیاسەتی ئەمریکیدا بەرامبەر بە عێراق، عێراقی جیاکردەوە بۆ دوو کیانی جیاواز کە ئەویش (کوردستان و بەشە عەرەبییەکەی عێراق)ـە، ئەمەش بە شاهیدی و ناوبژیوانی ئەمریکا دروست بووە.

سەبارەت بەم وەرچەرخانە لەسیاسەتی ئیدارەی ئەمریکای سەردەمی ئۆباما و چەسپاندنی لە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ترەمپ، پرۆفیسۆر ستیڤن کوك گەورە توێژەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە وتارێکیدا کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ بە ناونیشانی: (ئایا هەلومەرجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە عێراقدا پێگەیشتووە؟) بڵاوی کردۆتەوە، راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ستافی تازەی ئیدارەی ترەمپ لەو روانگەیەوە سەیری رۆژهەڵاتی

ناوەڕاستی دوای شەڕی داعش و ئازادکردنەوەی موسڵ و ڕەققە دەکەن، کە دەبێت هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ کورد بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش، بەشێك لە بەرپرسانی ئێدارەی ترەمپ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نفووزی خۆیان بەکاربهێنن و لەگەڵ بەرەوپێشەوە چوونە سیاسییەکان بیگونجێنن لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا، لەمەش زیاتر گۆڤاری فۆرین ئەفێرز کە ئەویش بڵاوکراوەی ئامۆژگای ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە لەئەمریکا، لەوتارێکدا کە پرۆفیسۆر مۆرگان کەپلان (توێژەری باڵای پرۆگرامەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەنتەری بەلفەر لە زانکۆی هارڤارد) لە ١٢ی نیسانی ٢٠١٧ بە ناونیشانی: (ترەمپ دەبێتە ئومێدی سەربەخۆیی کوردستان) بڵاوکردۆتەوە، ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئیدارەی ترەمپ پابەند نابێت بە سیاسەتی (یەك عێراق)ـەوە لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە عێراق، هەروەها پرۆفیسۆر داڤید ئێڵ فلیپس لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژی ١٤ی حوزەیران ٢٠١٧ لە هیفتنتۆنگ بە ناونیشانی: (کوردستان لەسەر ڕێگەی سەربەخۆیی) بڵاوی کردۆتەوە، ئەویش ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان و عێراق دادپەروانەیە، لە کاتێکدا دەڵێت پابەندین بە سیاسەتی (یەك عێراق)ـەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەشی گوتووە کە ئێمە ڕێز لە خواست و ویستی خەڵکی کوردستان دەگرین.

ئاماژەکردن بە باکگراوەندی پرۆژەکەی فۆرین پۆلیس و پێکەوە گرێدانەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لەگەڵ شەڕی دژی داعش دروست بوون، پاشان گەڕانەوە بۆ ئەو پرسیارەی فۆرین پۆلیسی سەبارەت بە باری ئابووریی کوردستان دوای سەربەخۆیی پرسیار لە سەرۆك بارزانی دەکات و لە وەڵامدا سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە میللەتی کورد لە برسان بمرێت، باشترە لەوەی ژێردەستە بێت، ئەمە جیا لەوەی مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی بڕیاری سەربەخۆیی کوردستانی داوە بەهەر نرخێك بێت، لە هەمانکاتدا وەك بە ڕاشکاوی لە تاسکفۆرسی ئامۆژگای ئەتلەنتیك لەسەر ئایندەی عێراق ئاماژەی پێکراوە، داوادەکات لەسەر ئاستی کورتمەودا کوردستان و عێراق ئابوورییان هاوبەش بێت، هەتا کێشەی (خاك و سنوور) لەنێوانیان چارەسەر دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە فۆرین پۆلیسی ئامانجی ئەوەیە بزانێت کاتێك ئەمریکا دەبێتە ناوبژیوان و شاهید لە پرۆسەی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، ئایا لەسەر ئاستی کورتمەودا ئابووریی کوردستان و عێراق هاوبەش دەبێت، یان نە، بەڵام وەڵامەکەی سەرۆك بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت، کە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، سەقفی وتووێژەکان لەگەڵ بەغدا بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان کراوە نابێت، واتە دیاریکراو دەبێت و لە ساڵێك زیاتر نابێت، بۆیە ئەگەر لەو ماوە دیاریکراوە لەگەڵ بەغدا نەگەیشتینە ڕێککەوتن، ئەوا کوردستان یەکلایەنە سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت، ئەمەش دەرهێنانی ئەو کارتەیە لە دەستی بەغدا بۆ ئەوەی هەموو جیهان بزانێت لای خەڵکی کوردستان هیچ شتێك هێندەی ئازادی و سەربەخۆیی گرنگ نییە.

هەروەها وەك ڕۆژنامەنووسەکەش لە پێشەکیی دیمانەکە نووسیویەیەتی: «سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق بە فۆرین پۆلیسی دەڵێت، بۆچی وێڕای ئاستەنگەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بڕیاری داوە ئەمساڵ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجامبدات.» ئەم پێشەکییە کورتە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە ئەم گۆڤارە وەك بڵاوکراوەیەکی ناوەندێکی گەورەی فیکری، چەند بایەخ بە بڕیاری سەرۆك بارزانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەدات، لە هەمانکاتدا وەك شانازییەکیش بۆ ئەو ناوەندە فیکرییە کە دوای ١٠ ساڵ ئیدارەی ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕێگای دەربازبوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق، ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا خۆی ئیدارەی پرۆسەی دابەشکردنی عێراق و سەربەخۆیی کوردستان بکات و خۆی ناوبژیوان و شاهید بێت لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان بەغدا و کوردستان دەکرێت، یان ئەگەر بەغدا لەگەڵ کوردستان بە ئاشتییانە

ئەوەی هەوڵبدات سەقامگیری و ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان تێکبدات، وەک سەرچاوەی توندوتیژی و توندڕەوی لە قەڵەم دەدرێت کە نەک هەر داعش، بەڵکو هاوشێوەی داعش لە ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی دیکەش دەگرێتەوە

سەربەخۆیی کوردستان پرسێکی لۆکاڵی چەند هەرزەکارێکی سیاسی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی نێودەوڵەتییە و ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووەو هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش پشتگیری لێدەکات

کوردستان سەلماندوویەتی کە دەتوانێت دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی بێت و ئەو سەروەرییەش بپارێزیت، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەسەڵاتەکانی سەوەریی کوردستان زیاتر دەبێت و دەوڵەتانی جیهانیش بەهاوتای دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی پێشوازی لە سەرۆک و شاندەکانی کوردستان دەکەن

نەگەیشتە ڕێککەوتن، ئەوکات ئەمریکا چۆن ئاستی پەیوەندییەکانی لە هەموو روویەکەوە لەگەڵ کوردستان بەرەو پێشەوە دەبات.

**● سەربەخۆیی کوردستان بە ئەقلییەتی لۆکاڵ و خەونی داگیرکەران هەڵسەنگاندنی لەسەر ناکرێت**

لەدوای ئازادکردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ساڵی ٢٠١٢، سیاسەت و تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق ئەوە بووە کە لایەنی کوردستانی بەردەوام بەشێك بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا و قەت نەبێتە بەشێك لە کێشەی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، لەدوای ساڵی ٢٠١٢شەوە تا ٢٠١٤ دیسان سیاسەت و تێڕوانینی بارزانی بەو جۆرە بووە کە هەوڵبدرێت لەچوارچێوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا سنوورێك بۆ مالیکی دابنرێت و هەڵەکانی راست بکاتەوە، بەڵام نوری مالیکی لەبری ئەوەی هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە، سیاسەتی رەشەکوژی لە خۆپیشاندانی عەرەبی سوننە لە ئەنبار و تکریت پیادەکرد، لەبەرامبەر کوردستانیش بێجگە لە هەڕەشە و گوڕەشەی سەربازی لە شوباتی ٢٠١٤ بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی. بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپشت بەستن بە ئیرادەی خۆڕاگری کوردستانییان هەر چۆنێك بوو، توانی ئیدارەی بارودۆخی بێ مووچەیی و بێ بودجەیی بکات، سەرەڕای ئەوەش لە کاتێکدا کە کورد نەیدەتوانی ببێتە بەشێك لەچارەسەری کێشەکانی مالیکی، بەڵام وەك فاکتەرێك بۆ راگرتنی سەقامگیریی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە مایەوە، لەبەرامبەردا عەرەبی سوننە لەبەر ئەوەی کیانێك نەبوو کۆیان بکاتەوە، بۆیە بەشێکی زۆریان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە کۆبوونەوە لەدەوەری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، لە مانەوە لەژێر سایەی دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی شیعەی مالیکی باشترە، هەر ئەمەش وایکرد موسڵ بکەوێت و چەك و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازیی پێنج فیرقەی عێراقی تەسلیمی تیرۆریستانی داعش بکرێت، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی داعش بتوانێت رۆژێك دوای کەوتنی موسڵ خەلافەتی ئیسلامی رابگەیەنێت.

ئەم واقیعە ئێستا بۆتە بنەمایەك بۆ بیرکردنەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق لەدوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش، ئەمەش وەك دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بێگومان لەسەر ئاستی جیهان، ئێستا هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر سیستمی جیهانی، لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، دیسان هەموو لایەك گەیشتوونەتە قەناعەت کە عێراق بە پلەی یەکەم و سووریا بە پلەی دووەم سەرچاوەی دروستبوونی خەلافەتی داعش و تەواوی ئاژاوە و ناسەقامگیرییەکانی ناوچەکە بوون، سەبارەت بە پێگەی کوردستانیش لە چوارچێوەی عێراقدا، دۆست و دوژمن گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر دەروازەیەك هەبێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا پارێزگاریکردنە لەو ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیانەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا دروستی کردووە.

لە ئێستا کە رووخانی خەلافەتی داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش باش دەزانن، بە ئازادکردنی موسڵ و رەققە و رووخانی خەلافەتی ئیسلامی فیکری توندوتیژی و توندڕۆیی داعش کۆتایی نایەت، راستە چەند ناوچەیەك ئازاد دەکرێن و چەند سەد کەسێك لە تیرۆریستانی داعش دەکوژرێن، بەڵام ئەگەر بەرنامەیەك نەبێت بۆ دووبارە رێکخستنەوەی عێراقی دوای داعش، ئەوا چەندین رێکخراوی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش دروست دەبنەوەو شەڕی مەزهەبگەرایی شیعەو سوننەش کۆتایی پێ نایەت، لەلایەکی دیکەش ئەو ناهاوسەنگیی هێزەی کە بەهۆی باڵادەستیی ئێران لە عێراقدا دروستی کردووە، بۆتە هۆکاری ئەوەی مەترسیی شەڕێکی گەورەی هەرێمی لە نێوان سعودیە و ئێران

**ئەوانەی خۆیان وەک دەنگی دژی سەربەخۆیی کوردستان پیشان دەدەن و بە ئەقلییەتی کۆن سەر لە خەڵکی کوردستان دەشێوێنن، راشکاوانە پێیان دەڵێین و تەحەدداشیان دەکەین کە بێ ئاگان لەو گۆڕانکارییانەی لەم یەک دوو ساڵەی دوایی سەبارەت بە پرسی مافی چارەنووس و سەروەریی دەوڵەت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاتوونەتەئاراوە**

**دەوڵەتانی ناوچەکە بە قەتەر و سعودیە و ئێران و تورکیاشەوە، هەر یەکەیان و بە جۆرێک بەشێکن لەسەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و توندڕەوی ئایینی و مەزهەبگەرایی، بە تەنیا کوردستان جوگرافیایەکە کە گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لەنێوان نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکاندا دروست کردووە**

**دۆست و دوژمن گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر دەروازەیەک هەبێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا پارێزگاریکردنە لەو ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیانەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا دروستی کردووە**

بێتەئاراوە. بۆیە کاتێك باس لە بارودۆخی دوای داعش و چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، دیمەنی سەرەکیی سیناریۆکە ئەوەیە ئایا لە چ شوێنێکەوە دەست بە پرۆسەی قۆناخی دوای داعش بکرێت؟ ئەمەش بەمەرجێك هەم فیکری توندوتیژی و توندڕۆیی ریشەکێش بکرێت، هەمیش هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا رێکبخرێتەوە.

هەموو ئەو راپۆرتانەی وەك راسپاردە و پێشنیار بۆ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی سەیردەکرێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی عێراقی عەرەبی وەك فاکتەری سەرەکیی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش پۆلێنکراوە و باڵادەستی و نفووزی ئێرانی لەناو عێراقدا وەك تێکدانی هاوسەنگیی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەقەڵەم دراوە، ئەوا رێکخستنەوەی عێراقی عەرەبی و پشتگیریکردن لە سەربەخۆیی کوردستان وەك هەنگاوی یەکەم لەناو ئەو پرۆسە گەورەیە دەخوێندرێتەوە کە



FP

EXCLUSIVE

‘I Want to Die in the Shadow of the Flag of an Independent Kurdistan’

President Masoud Barzani plans to hold a referendum to declare a sovereign Kurdish state. But will Iraq – and the United States – allow it to happen?

داعش ئامادەکراون، راسپاردەی ئەوە دەدەن، کە باشترین شوێن بۆ دەستپێکردن رێکخستنەوەی عێراقە، بەڵام نەك گێڕانەوەی عێراق بۆ پێش ساڵی ٢٠١٤، بەڵکو رێکخستنەوەی عێراقی عەرەبی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە و دەستپێکردنەوەی وتووێژ لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ دارشتنەوەی پەیوەندیی نێوانیان و جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بە شێوەیەکی ئاشتییانە..

کەواتە، پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە سیناریۆی دووبارە رێکخستنەوەی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك فاکتەرێك پێویستە بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێبکات.

ئەگەر لەناو ئەم سیناریۆ گەورەیەوە، بگەڕێینەوە بۆ سەر بارودۆخی ناوخۆی کوردستان کە ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی دەیانەوێت ببنە کلاوسووری دژی سەربەخۆیی، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی ئەوەی خۆی بخاتە بەرەی دژی سەربەخۆیی کوردستان، راشکاوانە دەکەوێتە بەرەی دژی گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری، نەك هەر بۆ عێراق، بەڵکو بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**وەڵامەکەی سەرۆک بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت، کە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، سەقفی وتووێژەکان لەگەڵ بەغدا بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان کراوە نابێت، واتە دیاریکراو دەبێت و لە ساڵێک زیاتر نابێت، بۆیە ئەگەر لەو ماوە دیاریکراوە لەگەڵ بەغدا نەگەیشتینە رێککەوتن، ئەوا کوردستان یەکلایەنە سەربەخۆیی رادەگەیەنێت**

لێرەوە ئەگەر بە شێوەیەکی وردبینانە سەرنجی دابەشبوونی بەرەی سەربەخۆیی کوردستان و ئەو دەنگە نەشازانە بدەین کە دەیانەوێت دژایەتی سەربەخۆیی بکەن، دەبینین، ئەوانەی پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەکەونە بەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش کە ٦٨ دەوڵەت لەخۆی دەگرێت، بەڵام ئەوانەی دەیانەوێت بکەونە بەرەی دژی سەربەخۆیی، ئەوا ئەوانیش ئۆتۆماتیکی دەکەونە بەرەی ئێران و وەکیلەکانی وەك حزبوڵای لوبنانی و سەرۆکی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی وەك نوری مالیکی و قەیس غەزعەلی و مەهدی موهەندیس و ئەبوئیزرائیل کە زۆربەیان لەناو لیستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەك تیرۆریست تۆمار کراون، لەمەش زیاتر لە ئێستاوە هەنگاوەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وەکیلەکانی ئێران دەستی پێکردووە، کە نەك هەر ئەو وەکیلانە بخرێنە لیستی تیرۆریستانەوە، بەڵکو زۆر راشکاوانە ئێستا لەگەڵ سەرانی سوپای پاسداران و بەشێك لەو کۆمپانییانەی پەیوەندییان بە قاسم سولەیمانی و سوپای پاسدارانەوە هەیە، وەك تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و چەندین رێوشوێنی گەمارۆ و سزادانی ئابووری لەبەرامبەریان گیراوەتەبەر.

دەنگە نەشازەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، خۆشیان باش دەزانن کە بێجگە لە ئێران و وەکیلەکانی، هیچ دەوڵەت و لایەنێك دژی سەربەخۆیی کوردستان نابێت، هەروەها بێجگە لە ئێران هیچ دەوڵەتێك لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان (هەتا ئەگەر لەگەڵ بەغدا بە دانوستاندن نەگەینە رێککەوتن) بایکۆتی کوردستان ناکات، هەر بۆیە ئەگەر بەوردی سەرنجی دیدار و سەردانەکانی پەرلەمانتار و هەڵسووڕاوەکانی گۆڕان و کۆمەڵ بدەین، دەبینین بێجگە لەسەردانی وەکیلەکانی ئێران هیچ لایەکی دیکە قسەو هەڵوێستەکانیان بە پولێك ناکڕێت.

هەندێك لەو هەڵسووڕاو و ئەوانەی بەناوی کۆمەڵ و گۆڕانەوە لە رێگەی تیڤییەکان و فەیسبووکەوە دەیانەوێت ژەهری دژە سەربەخۆیی بڵاو بکەنەوە، هێندە بە ئەقڵێکی لۆکاڵی و پاشکۆیی ئێرانی قسەدەکەن، کە دەیسەلمێنن چەند بێ ئاگان لەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە دوای ٢٠١٤وە نەك هەر لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە، بەڵکو لەسەر ئاستی گۆڕانکاری لە سیستەمی جیهانیدا هاتوونەتە ئاراوە.

لەم بارودۆخەدا کە سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە ئەمساڵ ریفراندۆم بۆ ئەنجامدانی سەربەخۆیی ئەنجام بدرێت، هەندێك نووسەر و هەڵسووڕاوی لۆکاڵی گۆڕان و کۆمەڵ، بەوجۆرە پاکانە بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەوەی گوایە ئەگەر سەربەخۆیی رابگەیەنین، دەوڵەتانی دەرو دراوسێ سنوورمان لێ دادەخەن و پاشان لە برسان دەمرین، نموونەی بایکۆتی سعودیە و ئیمارات و چەند دەوڵەتێك لەسەر دەوڵەتی قەتەر دەهێننەوە کە چۆن لەماوەی چەند رۆژێکدا ئەو هەموو زیانەی لێ کەوتووە و رایانوایە ئێمە خراپترمان لێ بەسەر دێت، لە وەڵامی ئەو نووسەرە لۆکاڵانەدا دەڵێین: پێگەی ئێستای کوردستان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە بە سعودیە و ئێران و تورکیا و میسریشەوە بەراورد ناکرێت. کوردستان ئێستا پایتەختی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعشە بۆ ئامانجی لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعش و توندڕۆیی و توندوتیژی نەك تەنیا ئازادکردنەوەی موسڵ و رەققە و رووخانی خەلافەت و کوشتنی چەند سەد چەکدارێکی داعش، ئێستا کوردستان هێڵی پێشەوەی بەرگریکردنە لە هەموو جیهانی ئازادو دیموکراتی، ئەگەر خوانەخواستە بەرەی کوردستان بشکێت، جیهانی ئازاد و دیموکراتی دەکەوێتە مەترسییەوە، لەمەش زیاتر دەوڵەتانی ناوچەکە بە قەتەر و سعودیە و ئێران و تورکیاشەوە، هەر یەکەیان و بە جۆرێك بەشێکن لەسەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و توندڕەوی ئایینی و مەزهەبگەرایی، بە تەنیا کوردستان جوگرافیایەکە کە گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لەنێوان نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکاندا دروست کردووە، لەلایەکی دیکەوەش ئەوانەی خۆیان وەك دەنگی دژی سەربەخۆیی کوردستان پیشان دەدەن و بە

**هەندێک نووسەر و هەڵسووڕاوی لۆکاڵی گۆڕان و کۆمەڵ، بەوجۆرە پاکانە بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەوەی گوایە ئەگەر سەربەخۆیی رابگەیەنین، دەوڵەتانی دەرو دراوسێ سنوورمان لێ دادەخەن و پاشان لە برسان دەمرین**

**ئەگەر بەوردی سەرنجی دیدار و سەردانەکانی پەرلەمانتار و هەڵسووڕاوەکانی گۆڕان و کۆمەڵ بدەین، دەبینین بێجگە لەسەردانی وەکیلەکانی ئێران هیچ لایەکی دیکە قسەو هەڵوێستەکانیان بە پولێک ناکڕێت**

**ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی دەیانەوێت ببنە کلاوسووری دژی سەربەخۆیی، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی ئەوەی خۆی بخاتە بەرەی دژی سەربەخۆیی کوردستان، راشکاوانە دەکەوێتە بەرەی دژی گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری، نەک هەر بۆ عێراق، بەڵکو بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

ئەقڵییەتی کۆن سەر لە خەڵکی کوردستان دەشێوێنن، راشکاوانە پێیان دەڵێین و تەحەدداشیان دەکەین کە بێ ئاگان لەو گۆڕانکارییانەی لەم یەک دوو ساڵەی دوایی سەبارەت بە پرسی مافی چارەنووس و سەروەریی دەوڵەت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاتوونەتەئاراوە. ئەو نووسەر و هەڵسووڕاوە لۆکاڵانە لەوە بێ ئاگان کە ئێستا پەیوەندیی نێوان عێراق و کوردستان لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەروەریی پیادەدەکرێت و بەغدا رازییە سەروەریی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق لەگەڵ کوردستان دابەش بکات و دابەشیشی کردووە، لەمەش زیاتر بە کوێرایی چاوی ئەوانەی کە چاویان بە سەربەخۆیی کوردستاندا هەڵنایەت، کوردستان سەلماندوویەتی کە دەتوانێت دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی بێت و ئەو سەروەرییەش بپارێزێت، هەر ئەمەشە وایکردووە کە رۆژ لەدوای رۆژ دەسەڵاتەکانی سەوەریی کوردستان زیاتر دەبێت و دەوڵەتانی جیهانیش بەهاوتای دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی پێشوازی لە سەرۆك و شاندەکانی کوردستان دەکەن.

لەم چوارچێوەیەدا، گرنگە بەدەنگی بەرز بە دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان بڵێین: سەربەخۆیی کوردستان پرسێکی لۆکاڵی چەند هەرزەکارێکی سیاسی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی نێودەوڵەتییە و ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووەو هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش پشتگیری لێدەکات و، ئەم هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی دژی داعشیش بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دژی داعش هاتۆتەئاراوەو دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان دروست بووە، بۆیە ئەگەر کوردستان وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع وەك هێڵی سوور لەبەردەم هێرشەکانی داعش لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێناسە کرابێت، ئەوا ئێستا کە کوردستان پایتەختی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی شەڕی دژی داعشە و شەڕەکەش (بە مانای بردنەوەی شەڕ) تەنیا لەکوردستان سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئەوا دوای ئەوەی کوردستان سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، هەر هێزێکی دەرەکی بیر لەوە بکاتەوە کە هەڕەشەی سەربازی لە کوردستان بکات، وەك خەلافەتی ئیسلامی داعش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەسەر ئاستی ناوخۆش ئەوەی هەوڵبدات سەقامگیری و ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان تێکبدات، وەك سەرچاوەی توندوتیژی و توندڕەوی لە قەڵەم دەدرێت کە نەك هەر داعش، بەڵکو هاوشێوەی داعش لە ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی دیکەش دەگرێتەوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێبکەین و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەوەیە کە ئێستا هەموو جیهان لە ژاپۆنەوە تاکو بەڕازیل، لە باشووری ئەفریقیاوە تا دەگاتە نەرویژ، کاتێك باسی ریفراندۆم لەکوردستان دەکرێت، پێشوەختە دەزانن، هیچ گومانێك لەسەر ئەوە نییە کە خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق دەنگدەدات، بۆیە ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك بە رێژەی ١٠٪ لە خەڵکی کوردستان دەنگ بە (نەخێر) بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن، جیهان دەزانیت، ئەم (نەخێر)ـە دەنگی خەڵکی کوردستان نییە و دەزانن کێ لە پشتی ئەو دەنگەیە، راستە لەوانەیە بۆ ئاکامی راپرسییەکە کاریگەرییەکی بچووکی هەبێت، بەڵام بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گێڕانەوەی باڵانسی هیز بۆ ناوچەکە، ئەو رێژە کەمە خزمەتێکی زۆر بە ئاشکراکردنی وەکیلەکانی ئێران لە کوردستاندا دەکات و لەگەڵ وەکیلەکانی دیکەی ئێران لە سەرتاسەری ناوچەکە لە یەك تای تەرازوودا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەم راستییانە ئەوەمان پێدەڵێن، هەموو جیهان دەزانێت کورد لە ریفراندۆمدا چ بڕیارێك دەدات و هیچ دەوڵەتێك، یان ناوەندێکی نێودەوڵەتی چاوەڕێی کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان ناکات و لە ئێستاوە قسەکردن و هەڵوێستیان لەسەر ریفراندۆم، قسەو هەڵوێستیانە لەسەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، بەڵام ئەوانەی خۆیان کردۆتە کڵاوسوور و بەوەکالەتی ئێران دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، لەگەڵ کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان ناسنامەی ئەوانیش ئاشکرا دەبێت و بێجگە لەوەی لەبەردەمی گەلی کوردستان شەرمەزار دەبن، لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانیشدا جێگەیان نابێتەوە.

**ئەوانەی پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتێکی دەکەونە بەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش کە ٦٨ دەوڵەت لەخۆی دەگرێت، ئەوانەشی دەیانەوێت دژایەتی سەربەخۆیی بکەن، ئۆتۆماتیکی دەکەونە بەرەی ئێران و وەکیلەکانی وەک حزبوڵای لوبنانی و سەرۆکی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی وەک نوری مالیکی و قەیس غەزعەلی و مەهدی موهەندیس و ئەبوئیزرائیل کە زۆربەیان لەناو لیستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەک تیرۆریست تۆمار کراون**

**نوری مالیکی لەبری ئەوەی هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە، سیاسەتی رەشەکوژی لە خۆپیشاندانی عەرەبی سوننە لە ئەنبار و تکریت پیادەکرد، لەبەرامبەر کوردستانیش بێجگە لە هەڕەشە و گوڕەشەی سەربازی لە شوباتی ٢٠١٤ بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی**

### سەرۆک بارزانی بۆ گۆڤاری فۆرین پۆلیسی:

# ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە و دەبێت ئاکامەکەشی جێبەجێ بکرێت

سەرۆک بارزانی لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری فورین پۆلیسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەو دەبێت ئاکامەکەشی جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە وتوویژ لەگەڵ بەغدا دەست پێدەکرێت و ئومێد دەخوازێت کە پرسی سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە سەرکەوتوو بێت. لەبەشێکی دیکەی دیمانەکەدا و سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتان، سەرۆک بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ دەوڵەتێک نەیگوتووە ئێمە دژی ریفراندۆمین، بەڵکو لەوانەیە بڵێن لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە نین. ئەم دیمانە تێروتەسەلە کە رۆژی ١٤ی حوزەیران لە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی بڵاوکراوەتەوە، بە گرنگمان زانی دەقەکەی بە زمانی کوردی بۆ خوێنەرانمان بڵاوبکەینەوە.

ABOUT FP | SUBSCRIBE TO PREMIUM FO

FP

NEWS & IDEAS ▾ REGIONS ▾ CHANNELS ▾ GALLERIES ▾ VOICES ▾

EXCLUSIVE

# 'I Want to Die in the Shadow of the Flag of an Independent Kurdistan'

President Masoud Barzani plans to hold a referendum to declare a sovereign Kurdish state. But will Iraq — and the United States — allow it to happen?

BY CAMPBELL MACDIARMID | JUNE 15, 2017



MASIF, Iraqi Kurdistan — In a career spanning 55 years as an independence fighter, the president of Iraqi Kurdistan is intent this year on reaching a landmark in his lifelong dream. President Masoud Barzani recently announced plans to hold a referendum on Kurdish independence, scheduling the vote for Sept. 25.

In an exclusive interview with Foreign Policy on June 12 — his first since announcing the referendum — Barzani said amicable divorce from federal Baghdad is the only solution to Iraq's woes and wider regional instability.

*** ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم (بۆ سەربەخۆیی کوردستان) دیاری کرا، من ئەو راپۆرتانەم خوێندۆتەوە کە باس لەوە دەکەن، ئێوە لەو بارەیەوە قسەتان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق (حەیدەر عەببادی) کردبێت، ئایا لە بەرامبەر راگەیاندنەکەتاندا کاردانەوەی ئەو چی بوو؟**

- ئەوە راستە، هەروەها ئێمە پێشتریش لەبارەی ئەم پرسەوە گفتوگۆمان کردووە. من لەبارەی ئەم پرسە دیاریکراوەوە پەیوەندیم بە جەنابی سەرۆک وەزیران عەببادی-یەوە کردو باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئەم ریفراندۆمە مافێکی ئاسایی و یاسایی گەلی ئێمەیە و ئێمە دەمانەوێت دواتر بە شێوازێکی ئاشتییانەو لە رێی دیالۆگەوە گفتوگۆ لەبارەی دەرئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە بکەین. ئەو تێگەیشتنی هەبوو بۆ ئەم بابەتە. ئێمە پێمان راگەیاند کە خوازیارین ئەم کێشەیە بە شێوازێکی ئاشتییانە نەك لە رێی توندوتیژییەوە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین. ئەو ئەمەی وەرگرت و تێگەیشتنی هەبوو بۆی. ئەوەش شتێکی ئەرێنی بوو.

*** باست لەوە کرد کە هەر هەنگاوێك بەرەو سەربەخۆیی بنرێت لە چوارچێوەی گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا دەبێت. ئایا لەو گفتوگۆیانەدا بە شتێکی کەمتر لە سەربەخۆیی تەواو رازی دەبن؟**

- ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە. ئەو پرسیارە لە گەل دەکرێت و گەل بریاری لەبارەوە دەدات.

*** ئەم ریفراندۆمە ئەنجام دەدرێت بە بێ ئەوەی چوارچێوەیەك لەئارادا بێت بۆ ئەنجامدانی، نە لە نێو سیستمی سیاسیی کوردستان و لە دەرەوەی ئەو سیستمەش، ئایا کاریگەریی ئەم ریفراندۆمە چی دەبێت؟**

- ریفراندۆم پەیوەستە بە چارەنووسی تەواوی گەلەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم پرسە لە هەر چوارچێوەیەکی دیکەی سیاسی، یان لە هەر حزبێکی سیاسی، یان هەر کێشەگەلێکی سیاسی نێو سیستمی حزبایەتی گەورەترە. من دڵنیام لەوەی زۆربەی گەلی کوردستان لەگەڵ ریفراندۆمدان. هەروەها زۆربەی ئەندام و لایەنگرانی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ ریفراندۆمدان. ئێمە کۆبوونەوەیەکی زۆر ئەرێنیمان هەبوو لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا و هەمووشیان پشتیوانییان لێکرد.

*** باس لە خەونەکانی گەلی کورد دەکەیت بۆ سەربەخۆیی، ئایا مەترسیی ئەوە نییە کە بە ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە بە بێ بوونی پرۆسەیەکی فەرمی بۆ هێنانەئارای سەربەخۆیی، ئێوە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانە بەرزبکەنەوە؟**

- کاتێك ئێمە ئەم ریفراندۆمە ئەنجام دەدەین، ئەوا بۆ ئەوەیە کە ئەو پشتوانییەی گەلمان هەبێت، بۆ ئەوەی بۆ گەمەکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بخەینەروو کە خەڵکی کورد خوازیاری چییە. هەر کاتێك خەڵك بریاری دا و دەنگی دا، ئەو کاتە هەروەك وتم، یەکەم شوێن کە لەگەڵیدا دەست دەکەین بە گفتوگۆ و دیالۆگێکی جددی و ئاشتییانە بریتی دەبێت لە بەغدا، ئەوەش بۆ هێنانەدی و جێبەجێکردنی خواستەکانی خەڵکە. ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە، من دەمەوێت ئەوانی دیکەش لەمە تێبگەن، هەر کاتێك ریفراندۆممان ئەنجام دا و دەستمان بە دیالۆگ کرد، ئەوا مانای ئەوە نییە کە ئێمە دەست لە خواستەکانی گەل هەڵدەگرین. کەواتە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە و دەبێت ئەنجامەکەی جێبەجێ بکرێت.

*** لە ساڵی ٢٠٠٥دا ریفراندۆمێك ئەنجام درا کە تێیدا زۆرینەیەکی زۆر، رێژەیەکی هاوشێوەی لە سەدا ٩٨، دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. ئەو دەنگدانە سەربەخۆیی بۆ کوردستان لێنەکەوتەوە، پێم خۆشە ئەوە روون بکەیتەوە کە بۆچی ریفراندۆمی ئەمجارە جیاواز دەبێت؟**

- ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە رێکخرا و هەڵمەتی بۆ ئەنجام درا. ئەمەی ئەمجارە فەرمییە و لەلایەن حکومەت و پارتە سیاسییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەیان پابەندکارە و ئەوەی دیکە وا نەبوو.

*** ئایا لەلایەن شارەزایانی یاسای نێودەوڵەتییەوە هاوکاری کراون لەبارەی چۆنیەتی دارشتنی ئەم ریفراندۆمە، بۆ ئەوەی ئەمجارە کاریگەرییەکی گەورەتری لێبکەوێتەوە؟**

- ئێمە بۆ چەندین ساڵە لەگەڵ هەندێ لە شارەزا نێودەوڵەتییەکان، شارەزایانی یاسای

> **کۆماری کوردستان لە مهاباد، یەکەم کۆماری کوردە لە مێژووی کوردستاندا، کاتێک لەو کۆمارەدا ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە، من لە سایەی ئەو ئاڵایەدا لەدایک بووم، دەمەوێت لە سایەی ئاڵای کوردستانێکی سەربەخۆشدا بمرم**

> **بانگەشەی من بۆ جیهانی ئازاد ئەوەیە کە بە وەستانەوەیان لە دژی بریاردانی چارەنووس و مافە دیموکراتییە ئاشتییانەکانی نەتەوەکەمان، دژی بەها و پرەنسیپەکانی خۆیان نەوەستنەوە**

> **ئێمە پێشبینی دەکەین کە سەرجەم لایەنەکان رێز لە خواست و بریاری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی خەڵکی کوردستان بگرن**

> **ریفراندۆم پەیوەستە بە چارەنووسی تەواوی گەلەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم پرسە لە هەر چوارچێوەیەکی دیکەی سیاسی، یان لە هەر حزبێکی سیاسی، یان هەر کێشەگەلێکی سیاسی نێو سیستمی حزبایەتی گەورەترە**

نێودەوڵەتی، شارەزا سیاسییەکاندا کاردەکەین، بۆ ئەوەی هاوکارمان بن لە دارشتنی ئەمەیاندا. بە دڵنیاییەوە ئەوان پشتیوانمان بوون و هاوکارییەکی زۆریان کردین.

*** ئەگەر بۆ چەندین ساڵە قسەیان لەگەڵدا دەکەن، بۆچی ریفراندۆمەکە لە ئێستادا ئەنجام دەدەن؟**

- من ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە ریفراندۆمێك ئەنجام بدرێت و لێگەڕێین گەل بڕیار بدات و، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو باوەڕەم لا دروست بووە کە بەغدا رازی نابێت بە هاوبەشییەکی راستەقینە و مانادار لەگەڵ ئێمەدا، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێمە خوازیاری ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمەین، بۆ ئەوەی پرسیار لە گەلی خۆمان بکەین کە خوازیاری چین. ئەمە هاوکارمان دەبێت تاوەکو لە داهاتوودا بەر بە هەر ناسەقامگیرییەك، یان لە شەڕێکی خوێناوی بگرین کە ئەگەری ئەوەی هەیە رووبدەن، ئەگەر بێتو رەوشەکە بەمجۆرە بەردەوام بێت. ئێوە دەزانن کە رەوشی ئەمنی لەم ناوچەیەدا چۆنە. کاتێك خەڵکی لەم ریفراندۆمەدا بڕیار دەدات، ئێمە پێشبینی دەکەین کە سەرجەم لایەنەکان رێز لە خواست و بڕیاری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی خەڵکی کوردستان بگرن. بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە کە بۆچی ئێستا ریفراندۆم ئەنجام دەدەین، ئەوا پێشتریش و لە چەندین قۆناغدا ویستمان ئەنجامی بدەین. بەڵام بەهۆی بارودۆخە گشتییەکە و ئەو رەوشەی لە ناوچەکەدا لەئارادا بوو، هەروەها بەهۆی پەرەسەندنەکانی دیکەوە، دوامان دەخستن. بەڵام ئەگەر لەمە زیاتر دوای بخەین، ئەوا لە سوودی گەلی ئێمە تەواو نابێت و، کاریگەری نەرێنی لەسەر چارەنووسی خەڵکەکەمان دەبێت. کەواتە لەبەر ئەوەیە کە ساتەوەختی ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە.

*** رەنگە رەخنەگران بڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە دۆخی زۆر خراپی ئابووریدا گوزەر دەکات. بۆ نموونە حکومەت دەتوانێت هەندێ لە مووچە بدات و ئەوەش هەموو تواناکەیەتی، هەروەها لە رووی وەبەرهێنانەوە متمانەیەکی کەم لەئارادایە، لە ناوخۆدا رەخنەی ئەوە هەیە کە ریفراندۆم پێش کاراکردنەوەی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت و، ماوەی سەرۆکایەتیت دوو ساڵ پێش ئێستا بەسەرچووە، کەواتە بۆچی ریفراندۆم ئەولەوییەتێکی باڵاترە لە هەموو ئەم پرسانە؟**

- ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی دۆخێکی نموونەیی بکەین بۆ ئەوەی چارەسەرمان بۆ یەکە بە یەکەی کێشەکان هەبێت، ئەوا ئەمە روونادات. ئێمە خوازیارین ئەم ریفراندۆمە ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی سەربەخۆییمان هەبێت، ئەمەش هاوکارمان دەبێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ زۆرێك لە کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەگەر لە حاڵەتی وڵاتانی دیکە بڕوانیت ( کە رێگای سەربەخۆییان گرتۆتەبەر)، ئەوانیش رووبەڕووی کێشەی ناوخۆیی خۆیان بوونەتەوە. ئەوان چاوەڕێی چارەسەری سەرجەم ئەو کێشە و جیاوازییە ناوخۆییانەی نەکردووە کە هەیانبووە. بۆ ئێمەش وایە و پرسی ریفراندۆم لەو کێشانە و لەو پرسانە گەورەترە، بۆیە ئەنجامی دەدەین و دواتر کێشەکانی دیکە چارەسەر دەکەین.

*** ئەگەر بتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی ریفراندۆم وەك ئامرازێك چی بە کورد دەبەخشێت، بەلای کەمەوە بە ئاشکرا، ژمارەیەك لە هێزەکان لە ئێستادا دەستیان کردووە بە لە شەرعییەت داماڵینی ئەم ریفراندۆمە، پێش ئەوەی رووبدات. ئەمریکییەکان رایگەیاندووە کە ئەوان دژین، تورکیا بە دەنگێکی بڵندتر- بەلای کەمەوە بە ئاشکرا- بە «نابەرپرسیارانە» و بە «هەڵەیەکی گەورە» ناوزەدی کرد. کەواتە ئایا ئەم ریفراندۆمە چ دەسترۆیشتوویەکتان پێدەدات کە ئێستا نیتانە؟**

- ئێمە کار و کۆششی زۆرمان کرد بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق. من دەتوانم پەیوەندی ئێمە لەگەڵ بەغدا بۆ دوو قۆناخ دابەش بکەم. یەکەمیان بە دروستکردنی عێراق لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد و تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ درێژەی کێشا. قۆناخی دووەمی پەیوەندی بەغدا و هەولێر لەو کاتەوە دەستی پێکرد و درێژەی کێشاوە تاوەکو ئێستا. لە قۆناخی یەکەمدا، لە ساڵی ١٩٢٠ـەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣، ئایا پشکی کورد لە حوکمڕانی عێراق چی بوو؟ هەڵمەتەکانی ئەنفال، بۆردمانی

**پێویستە ئێزیدییەکان سەربەست بن لە بڕیاردان لەبارەی ئەوەی چۆن دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ ئەو کاراکتەرانەدا بکەن. ئێمە خوێنی پێشمەرگەی خۆمان بەخشی لە پێناوی ئەوەی ئازادی ئەوەیان هەبێت بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. نەک تەنیا ئێزیدییەکان، بەڵکو دەبێت سەرجەم خەڵکی ئەم ناوچانە ئازاد بن لە هەڵبژاردنی ئەوەی چییان دەوێت و پشتیوانی لە کێ دەکەن**

**دەبێت ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگاکان، قەزا و ناحییەکان مومارەسەی حوکمڕانی بکەن، لە دەڤەری شنگال پێویستە پۆلیسی مەحەلیی خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی پارێزگارییان لێبکات. نابێت بوار بۆ مانەوەی نە یەکەکانی حەشدی شەعبی و نە هیچ هێزێکی دیکە بدرێت بۆ ئەوەی لەو ناوچەیەدا بمێننەوە**

**بوونی یەکەکانی حەشدی شەعبی لە دەوروبەری شنگال پێشێلکردنێکی گەورەی رێککەوتنێک بوو کە ئێمە لەگەڵ ئەمریکییەکان و عێراقییەکاندا هەمان بوو**

**ئەرکی سوپای عێراق و پۆلیسی عێراقە کە سەقامگیری و ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان دەستەبەر بکەن. ئەگەر یەکەکانی حەشدی شەعبی پێداگیری بکەن لەسەر مانەوە لەو ناوچەیەدا و مومارەسەی حوکمڕانی بکەن، ئەوا بێگومان چەندین کێشە دەخوڵقێت**

**ئێمە لەگەڵ کەمینەکانی دیکەی عێراقداین بۆ هەر ڕێگایەک کە هەڵیدەبژێرن بۆ گرتنەبەری چارەنووسی خۆیان. هەر چۆنیان دەوێت با وابێت، ئایا دەیانەوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بن، ئایا دەیانەوێت پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا هەبێت، ئایا دەیانەوێت ڕێگاچارەیەکی دیکە بگرنەبەر**

**ئەوان بودجەیان بڕی، واتە خەڵکی ئێمەیان نانبڕاو کرد. ئەمە هیچ شتێکمان لە بەغداوە بەدەست نەگەیشتووە. ڕەنگە تاکە شتێک کە بتوانن بیکەن داخستنی بواری ئاسمانییە. ئەگەر ئەوان ئەو جۆرە کارانە بکەن، ئەوا کاردانەوەیان بەدوادا دێت. ئێمە دەستەوەستان دانانیشین. ئێمە بە ڕاستی خوازیاری ئەوەین ڕێگایەکی ئاشتییانە و گفتوگۆکردن و تێگەیشتن بگرینەبەر. ئێمە دەمانەوێت خۆمان لە خوێنڕێژی و توندوتیژی لابدەین. دواتر ئێمە لە دۆخەکە دەڕوانین، ئەگەر ئەوان کاری دیکە ئەنجام بدەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێمەش کاردانەوەی خۆمان دەبێت**

کیمیایی، وێرانکردنی گوندەکانمان، گۆڕی بە کۆمەڵ، جینۆساید- ئەمە بەشی کورد بوو لەو کاتەوە و لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدادا. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، ئایا پشکی کورد چی بوو؟ ئەوان بودجەی کوردستانیان بڕی و پابەندنەبوون بە دەستووری عێراقییەوە. کەواتە پرسیاری ئێمە بۆ گەمەکارە نێودەوڵەتییەکانی وەك ئەمریکا و ئەوانی دیکە، ئەوەیە: ئایا پێویستە ئێمە چی دیکە بکەین؟ ئێمە کۆششی سەختمان کرد بۆ ئەوەی دەستوورێك لە عێراقدا هەبێت کە دەستەبەری مافەکانی هەموومان بکات. ئێمە دەنگمان بەو دەستووره دا. بەڵام لە دیباجەی دەستووردا ئەوە بە مەرج دانراوە کە یەکپارچەیی عێراق بەندە بە جێبەجێکردنی دەستوورەکەوە. کەواتە پرسیارەکەی من بۆ ئەوان ئەمەیە: ئایا دەستوری عێراق جێبەجێ کراوە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، کەواتە هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەگەر لە گۆشەنیگا و کاردانەوەی گەمەکارە نێودەوڵەتییەکان بڕوانین، ئەوا هیچیان نەیانوتووە کە ئەوان دژی ریفراندۆمن. ئەوان دەڵێن ڕەنگە ئەمە کاتێکی باش نەبێت، یاخود ڕەنگە کێشەی لێ بکەوێتەوە، منیش لە دوو خاڵدا بۆچوونی جیاوازم هەیە لەگەڵ ئەواندا. ئەمە کێشەکان زیاتر ناکات. ئەگەر ئەم ریفراندۆمە نەکرێت، ئەوا سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیریی زیاتر لە پەیوەندییەکاندا، سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیریی زیاتر لە ناوچەکەدا. ئێمە دەمانەوێت ئەم ریفراندۆمە ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی ڕێگری لە ناسەقامگیری بکەین. ئەگەر ئەو گەمەکارە نێودەوڵەتییانە دژی ئەم ریفراندۆمە بن، ئەوا ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە ئەوان دژی بەها و پرەنسیپەکانی خۆیانن کە مافی ئاشتییانە و دیموکراتییانەی خەڵکە بۆ گوزارشتکردن لە بڕیارەکانیان لەبارەی چارەنووسی خۆیانەوە. ئەگەر ئەوان دژی ریفراندۆمەکە بوەستنەوە، ئەوا مانای وایە ئەوان دژی دیموکراسین.

*** ئەوە ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بۆچوونی خۆیان هەیە و باری ئابووریی ئێوەش بە چەشنێکە کە پشت بە دراوسێکانتان دەبەستن. ئایا پلانتان هەیە بۆ ڕازیکردنی دراوسێکانتان، وەك تورکیا، بەتایبەت کە ئێمە بەم دواییە بینیمان چی لە قەتەر ڕووی دا، کاتێك دراوسێکانی گۆشەگیریان کرد، کە ١٠ ڕۆژ دواتر ئێران لە ڕێی ئاسمانەوە خواردنی بۆ ڕەوانەکرد. ئایا پلانتان هەیە لەبارەی چۆنیەتی ڕازیکردنی هاوپەیمانەکانتان، یاخود چۆن بەردەوام دەبن ئەگەر گۆشەگیر کران؟**

- بە داخەوە لە ئێستادا و لەم پەیوەندییانەدا بەرژەوەندییەکان باڵادەستن بەسەر بەها و مۆراڵ و مرۆڤدۆستیدا. بۆ نموونە، پرسی قەتەر کە تۆ ئاماژەت پێکرد، ئەوان تۆمەتباریان دەکردن بە پشتیوانیکردنی تیرۆر، ئێستا دەبینیت چۆن پشتیوانی بەدەست دەهێنن. مەسەلەکە جیاوازە. یەکێك لە پاساوەکانی گۆشەگیرکردنی قەتەر ئەوەیە کە ئەوان پشتیوانیی تیرۆر دەکەن، بەڵام لای ئێمە مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە ئەفسانەی تیرۆرمان تێکشکاندووە. ئێمە خوێنمان بەخشی بۆ تێکشکاندنی ئەفسانەی تیرۆر و شکستهێنان بە تیرۆریستان. ئەمە دەرفەتێکی گرنگە کە ئەم لێدوانە بە ئێوە و بە جیهانیش ڕابگەیەنم: ئێمە پێمان باشترە لە برسا بمرین، نەك لە سایەی سەرکوتکاری و داگیرکاریدا بژین. ئەگەر ئەم بڕیارە بە هۆی ریفراندۆمەوە دراو کاردانەوەکەش ئەوە بوو کە گۆشەگیر بکرێین، یان گەلی ئێمە لە برسان لەناو بچێت، ئایا ئەوە دەبێتە «شکۆیەك» بۆ جیهان کە خەڵکی ئەمەیان لە برسا کوشتووە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە ویستوویەتی بە شێوازێکی دیموکراتییانە گوزارشت لە چارەنووسی خۆی بکات؟

*** ئایا پێتوایە جارێکی دیکە خەڵك گۆشەگیری قبووڵ بکات، چونکە لە ساڵانی نەوەتەکانەوە (١٩٩٠) تا ئێستا کۆمەڵگە زۆر گۆڕاوە: ئێوە کوردتان بە جیهانەوە گرێداوە، ئێوە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیتان بنیادناوە، ئێوە ئاستی بژێوی ژیانتان بەرز کردۆتەوە، ئێوە مۆڵی بازاڕکردنتان بۆ دروستکردوون، ئایا پێتوایە ئەوان ئامادە دەبن هەمان ئەو ئێش و ئازارە بچێژن کە لە سایەی ئەو هەل و مەرجی ساڵانی نەوەتەکاندا (١٩٩٠) چەشتیان؟**

- ئێمە هەموو شتێکمان لەبەرچاو گرتووە. ئەمە پەیوەستە بە ویستی گەلەوە، بە دەنگدانی خەڵکەوە. گەل زۆر باش تێدەگات کە بڕیار لە چی دەدات. ڕەنگە گەل بڕیار بدات دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدات، ئەو کاتە

ئەوە نابێتە بەرپرسارێتی مێژوویمان، بەڵام کاتێك گەل بە (بەڵێ) بڕیار دەدات، ئەوا بە مانای ئەوەیە کە خەڵك ئامادەیە هەنگاو بەو ئاراستەیە بنێت و هەموو مەترسییەکیش قبووڵ بکات. تۆ ئاماژەت بە فرۆکەخانە کرد، بەڵام تەنانەت تا ئێستاش دەسەڵاتی فرۆکەوانی مەدەنیی عێراقی، بەهۆی ئەوەی باوەڕیان بە فیدراڵیزم، یان دابەشکردنی بواری ئاسمانی نییە، دەتوانێت ڕێگە لە نیشتنەوەی فرۆکەیەك بگرێت کە لە ئەوروپا، یان هەر وڵاتێکی دیکەوە هاتبێت، ئەمە چ جۆرە دەوڵەتێك و چ جۆرە دەسەڵاتێکە کە ئەو جۆرە هێزەی هەبێت؟

*** ئەگەر بە ڕاست و دروستی تێگەیشتبم، ئەوا ئەم ریفراندۆمە ئەنجام دەدرێت و ئێوەش ئەمە وەك پاڵپشتییەك دەبەنە بەغدا بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆی پەیوەست بە جیابوونەوە بکەن. ئایا چەند واقیعییە کە بیر لەوە بکرێتەوە پەرلەمانی بەغدا واژوو لەسەر ڕێککەوتنێك بکات کە ڕازی بێت بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا؟**

- ئێمە دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەگەڵیاندا، بەڵام ئەوە کێشەی خۆیانە ئایا دەگەنە ڕێککەوتن، یان نا. ئێمە بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و لەم ڕووەوە بە هەموو شێوەیەك هاوکاریی بەغدا دەکەین. ئێمە ئاستی هاوکاریی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق زیاتر دەکەین. هەر کارێك پێویست بێت ئەنجامی دەدەین بۆ پشتیوانیکردن لە سەرۆك وەزیران عەبادی بۆ ئەوەی لە ئەرکەکەیدا وەك سەرۆك وەزیران سەرکەوتوو بێت.

*** ئایا ڕێگاچارەی ئێوە چی دەبێت ئەگەر هاتوو نەتانتوانی قەناعەت بە عەبادی بکەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لەبارەی سەربەخۆییەوە؟**

- هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوە. ئێمە هێشتا ریفراندۆممان نەکردووە، هێشتا دەستمان بە گفتوگۆکردن نەکردووە. ئەوە بڕیاری شەخسی و تاکەکەسی من نییە. ئێمە گەلی خۆمان هەیە، پارتی سیاسی و سەرکردەی دیکە هەن کە دەبێت ڕاوێژیان لەگەڵدا بکەین. ئەمە تەنیا بڕیاری من نییە.

*** بەڵام ئایا نیگەرانیت لەوەی بەغدا هەوڵبدات دووبارە فشارەکانتان لەسەر چڕبکاتەوە، بە چەشنی ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ئەنجامیدا کاتێك پرسی هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ ورووژێندرا؟**

- ئایا تا ئێستا چییان نەکردووە؟ ئەوان هەموو شتێکیان کردووە. ئەوان بودجەیان بڕی، واتە خەڵکی ئێمەیان نانبڕاو کرد. ئەمە هیچ شتێکمان لە بەغداوە بەدەست نەگەیشتووە. ڕەنگە تاکە شتێك کە بتوانن بیکەن داخستنی بواری ئاسمانییە. ئەگەر ئەوان ئەو جۆرە کارانە بکەن، ئەوا کاردانەوەیان بەدوادا دێت. ئێمە دەستەوەستان دانانیشین. ئێمە بە ڕاستی خوازیاری ئەوەین ڕێگایەکی ئاشتییانە و گفتوگۆکردن و تێگەیشتن بگرینەبەر. ئێمە دەمانەوێت خۆمان لە خوێنڕێژی و توندوتیژی لابدەین. دواتر ئێمە لە دۆخەکە دەڕوانین، ئەگەر ئەوان کاری دیکە ئەنجام بدەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێمەش کاردانەوەی خۆمان دەبێت.

*** چ جۆرە کاردانەوەیەك؟**

- پێموایە ئەوەی وتم بەسە لەو بارەیەوە.

*** ئایا پێتوایە ئەم ریفراندۆمە دەبێتە پێشینەیەك بۆ ئەوەی کەمینەکانی دیکەی عێراقیش بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن؟**

- ئێمە لەگەڵ کەمینەکانی دیکەی عێراقداین بۆ هەر ڕێگایەك کە هەڵیدەبژێرن بۆ گرتنەبەری چارەنووسی خۆیان. هەر چۆنیان دەوێت با وابێت، ئایا دیانەوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بن، ئایا دیانەوێت پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا هەبێت، ئایا دیانەوێت ڕێگاچارەیەکی دیکە بگرنەبەر.

*** ئێستا ئێوە توانای ئەوەتان هەیە کە ماددەی ١٤٠ لەو ناوچانەدا جێبەجێ بکەن کە لە ژێر کۆنترۆڵتاندایە، واتە دەرفەتدان بە خەڵکی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ ئەوەی دەنگ بەوە بدەن، ئایا دیانەوێت ببنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، یان عێراقی فیدراڵ؟ ئایا خەڵکی ناوچەناکۆکی لە سەرەکان پرسیان پێدەکرێت بەوەی کە سەرباری ئەوەی پێویستە کوردستان سەربەخۆ بێت، ئایا دەیانەوێت ببنە بەشێك لە کوردستان؟**

**ئێمە بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و لەم ڕووەوە بە هەموو شێوەیەک هاوکاریی بەغدا دەکەین. ئێمە ئاستی هاوکاریی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق زیاتر دەکەین. هەر کارێک پێویست بێت ئەنجامی دەدەین بۆ پشتیوانیکردن لە سەرۆک وەزیران عەبادی بۆ ئەوەی لە ئەرکەکەیدا وەک سەرۆک وەزیران سەرکەوتوو بێت**

**تا ئێستاش دەسەڵاتی فرۆکەوانی مەدەنیی عێراقی، بەهۆی ئەوەی باوەڕیان بە فیدراڵیزم، یان دابەشکردنی بواری ئاسمانی نییە، دەتوانێت ڕێگە لە نیشتنەوەی فرۆکەیەک بگرێت کە لە ئەوروپا، یان هەر وڵاتێکی دیکەوە هاتبێت، ئەمە چ جۆرە دەوڵەتێک و چ جۆرە دەسەڵاتێکە کە ئەو جۆرە هێزەی هەبێت؟**

**گەل زۆر باش تێدەگات کە بڕیار لە چی دەدات. ڕەنگە گەل بڕیار بدات دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدات، ئەو کاتە ئەوە نابێتە بەرپرسارێتی مێژوویمان، بەڵام کاتێک گەل بە (بەڵێ) بڕیار دەدات، ئەوا بە مانای ئەوەیە کە خەڵک ئامادەیە هەنگاو بەو ئاراستەیە بنێت و هەموو مەترسییەکیش قبووڵ بکات**

**ئێمە پێمان باشترە لە برسا بمرین، نەک لە سایەی سەرکوتکاری و داگیرکاریدا بژین. ئەگەر ئەم بڕیارە بە هۆی ریفراندۆمەوە دراو کاردانەوەکەش ئەوە بوو کە گۆشەگیر بکرێین، یان گەلی ئێمە لە برسان لەناو بچێت، ئایا ئەوە دەبێتە «شکۆیەک» بۆ جیهان کە خەڵکی ئەمەیان لە برسا کوشتووە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە ویستوویەتی بە شێوازێکی دیموکراتییانە گوزارشت لە چارەنووسی خۆی بکات؟**

**ئێمە کۆششی سەختمان کرد بۆ ئەوەی دەستوورێک لە عێراقدا هەبێت کە دەستەبەری مافەکانی هەموومان بکات. ئێمە دەنگمان بەو دەستووورە دا. بەڵام لە دیباجەی دەستووردا ئەوە بە مەرج دانراوە کە یەکپارچەیی عێراق بەندە بە جێبەجێکردنی دەستوورەکەوە. کەواتە پرسیارەکەی من بۆ ئەوان ئەمەیە: ئایا دەستوری عێراق جێبەجێ کراوە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، کەواتە هەر لەبەر ئەووشە کە ئەگەر لە گۆشەنیگا و کاردانەوەی گەمەکارە نێودەوڵەتییەکان بڕوانین، ئەوا هیچیان نەیانوتووە کە ئەوان دژی ریفراندۆمن**

- بە دڵنیاییەوە، هەمان ئەو پرسیارە لەم ناوچانەدا دەکرێت.

*** کەواتە کاتێك ریفراندۆمەکە ئەنجام دەدرێت، خەڵکی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەتوانن ئەوە یەکلابکەنەوە ئایا دەیانەوێت ببنە بەشێك لە کوردستان؟**

- نەخێر، ئەو پرسیارەکە نابێت. ئەوان بژارەی ئەوەیان دەبێت دەنگ نەدەن. ئەگەر پێویستیان بە ریفراندۆمێکی دیکە هەیە، ئەوا رەنگە دواتر بۆیان ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە، ئەگەر هەندێ لە عەرەب و تورکمان و مەسیحییەکان نەیانەوێت ببنە بەشێك لێی، ئەوا دەبێت لە ریفراندۆمێکی دیکەدا خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

*** بەڵام بۆچی پرسیان پێنەکرێت ئایا خوازیارن ببنە (بەشێك لە کوردستان)؟**

- ئەمە پرسیارێکی تەکنیکییە. ئێمە کۆمیتەی ریفراندۆم و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنمان هەیە، ئەوە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. ریفراندۆمەکە یەك پرسیار لەخۆ دەگرێت.

*** ئایا دەتوانم لەبارەی یەکەکانی حەشدی شەعبییەوە پرسیارت لێبکەم لە ئێستادا باس لە ڕاڕەوێکی گریمانەکراوی شیعە دەکرێت کە بە عێراق و سووریادا تێپەڕدەبێت، بەتایبەتی کە ئێمە بینیمان یەکەکانی حەشدی شەعبی پانتاییەکی گەورەی نەینەوا و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری شنگالیان خستووەتە ژێر دەستی خۆیانەوە، چۆن لەمە دەڕوانیت و چۆن لە نیازەکانی یەکەکانی حەشدی شەعبیی دەڕوانیت ئەم پەرەسەندنانە چۆن کاریگەرییان لەسەر کورد دەبێت؟**

- ئێمە وەك یەك پاکێج سەیری هەموویان ناکەین. دوو جۆر لە یەکەکانی حەشدی شەعبی هەن. بەشێکیان ئەوانەن کە بە راستی قوربانی گەورەیان داوە لە شەڕی دژ بە داعشدا. ئەوانە خوێنی خۆیان بەختکرد و ئێمە قوربانییەکانی ئەو یەکانەی حەشدی شەعبی بەرز دەنرخێنین کە شەڕیان لە دژی داعش کرد. هەروەها کەسانێکیش هەن کە یەکەکانی حەشدی شەعبییان کردۆتە پەردەیەك بۆ ئەنجامدانی چەندین کاری ناڕەوا. ئەرکی سوپای عێراق و پۆلیسی عێراقە کە سەقامگیری و ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان دەستەبەر بکەن. ئەگەر یەکەکانی حەشدی شەعبی پێداگیری بکەن لەسەر مانەوە لەو ناوچەیەدا و مومارەسەی حوکمڕانی بکەن، ئەوا بێگومان چەندین کێشە دەخوڵقێت.

*** بۆچونتان چییە لەسەر بوونی یەکەکانی حەشدی شەعبی لە دەوروبەری شنگال؟**

- بوونی یەکەکانی حەشدی شەعبی لە دەوروبەری شنگال پێشێلکردنێکی گەورەی رێککەوتنێك بوو کە ئێمە لەگەڵ ئەمریکییەکان و عێراقییەکاندا هەمان بوو. ئێمە رێککەوتبووین کە یەکەیەکی هێزی پێشمەرگە، لەگەڵ یەکەیەکی سوپای عێراقی، لەو ناوچانەدا جێگیر بن کە حاڵی حازر یەکەکانی حەشدی شەعبی لەوێن. ماوەیەکی زۆر بوو ئەو ناوچەیە پاك کرابووەوە، کە پێویستی بەوە هەبوو هێزێکی تێدا جێگیر بێت، بەڵام پاساوی سوپای عێراق ئەوە بوو کە ئەوان زۆر سەرقاڵ بوون بە ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵەوە، لەبەر ئەوەش بوو کە یەکەکانی حەشدی شەعبی پابەند نەبوون بەو رێککەوتنەوە و بوونی خۆیان لەو ناوچەیەدا جێگیر کرد. من دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر یەکەکانی حەشدی شەعبی پێداگیری بکەن لەسەر مانەوە لەو ناوچەیەدا و مومارەسەی حوکمڕانی بکەن، ئەوا چەندین کێشە دەخوڵقێنن. ئەوەی پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە هەبێت، ئەوا هەر کەسێك شەڕی داعش بکات، هاوپەیمانی ئێمەیە. بەڵام، لە داهاتوودا، دەبێت خەڵکی ئەو ناوچەیە خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و دەبێت ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگاکان، قەزا و ناحییەکان مومارەسەی حوکمڕانی بکەن، لە دەڤەری شنگال پێویستە پۆلیسی مەحەلیی خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی پارێزگارییان لێبکات. نابێت بوار بۆ مانەوەی نە یەکەکانی حەشدی شەعبی و نە هیچ هێزێکی دیکە بدرێت بۆ ئەوەی لەو ناوچەیەدا بمێننەوە.

*** ئایا پێویستە خەڵکی ئێزیدی ناوچەی شنگال بتوانن بڕیار بدەن لەبارەی پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ ئەم کاراکتەرانەدا؟**

- پێویستە ئێزیدییەکان سەربەست بن لە بڕیاردان لەبارەی ئەوەی چۆن دەیانەوێت مامەڵە

لەگەڵ ئەو کاراکتەرانەدا بکەن. ئێمە خوێنی پێشمەرگەی خۆمان بەخشی لە پێناوی ئەوەی ئازادی ئەوەیان هەبێت بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. نەك تەنیا ئێزیدییەکان، بەڵکو دەبێت سەرجەم خەڵکی ئەم ناوچانە ئازاد بن لە هەڵبژاردنی ئەوەی چییان دەوێت و پشتیوانی لە کێ دەکەن.

*** ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیارکردن لەبارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. باست لەوە کرد ئەمانە بەشێکی جیاواز نابن لە هەر ریفراندۆمێك کە لەو ناوچانە بکرێن، ئایا چ میکانیزمێك هەیە بۆ ئەوەی بیگرنەبەر تاوەکو مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکەن؟**

- ئەگەر ئەوان خوازیاری ئەوە نەبوون ببنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، ئەوا مانای وایە دەیانەوێت لەگەڵ بەغدا بن، ئەوەش میکانیزمەکەیە. لەم ناوچانەدا، ئەگەر ئەوان بە (نەخێر) دەنگیان لە ریفراندۆمەکەدا، واتە ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ بەغدا بمێننەوە و ئێمەش هیچ گرفتێکمان نییە لەگەڵ ئەوەدا.

*** کەواتە ئێوە دژی ئەوە نابن ئەگەر هەندێ لەم گرووپانە ریفراندۆمی تایبەت بە خۆیان ڕێکبخەن و بڵێن ئێمە نامانەوێت ببینە بەشێك لە کوردستان؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەگەر خەڵکی ئەم ناوچەیە ویستیان ئەو کارە ڕێکبخەن و زۆرینە وتیان ئێمە نامانەوێت ببینە بەشێك لە کوردستان، ئەوا ئەو پەڕی ڕێزمان دەبێت بۆ بڕیاری خەڵکی ئەو ناوچەیە.

*** ئێوە بڕیارتان داوە دوای ریفراندۆمەکەوە لە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردن ئەنجام بدەن، هەڵوێستن چی دەبێت و ئایا دەست لەکار دەکێشیتەوە؟**

- من خۆم ناپاڵێوم بۆ هەڵبژاردنەکان.

*** ئایا سەربەخۆیی کوردستان چەند گرنگە بۆ مێژووی تۆ؟**

- من لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا لە دایك بووم. کاتێك لە دایك بووم، باوکم و خانەوادەکەم ناوچەی بارزانیان جێهێشتبوو، ڕوویان لە ناوچەی مهاباد کردبوو لە کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانیکردن لە یەکەم کۆماری کوردستان. من لەوێ لەدایك بووم. لە تەمەنی ١٦ ساڵی چەکم هەڵگرت. وێنای ئەوە بکە، ئەمە چ مانایەکی دەبێت بۆ مێژووی من، هەموو ژیانم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بووە. کۆماری کوردستان لە مهاباد، یەکەم کۆماری کوردە لە مێژووی کوردستاندا، کاتێك لەو کۆمارەدا ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە، من لە سایەی ئەو ئاڵایەدا لەدایك بووم، دەمەوێت لە سایەی ئاڵای کوردستانێکی سەربەخۆشدا بمرم.

*** کەواتە مێژووی ژیانت بە چەشنێك بە بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە گرێدراوە کە قابیلی لێك جیاکردنەوە نەبێت؟**

- هەرچییەکم کردبێت، لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا کردوومە.

*** هەروەك وتتان، لە کۆماری کوردستاندا لەدایك بوویت، ژیانی خۆت بۆ شەڕکردن بۆ کوردستانی سەربەخۆ تەرخان کردووە، ئایا چەند لەو باوەڕەدان ئێستا ئەو کاتەیە کە لە کۆمارێکی کوردیدا بمریت؟**

- من خۆشحاڵ دەبم کاتێك دەمرم، کە لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بمرم.

*** ئایا پێتوایە ئەمە ڕوودەدات؟**

- ئێمە باشترین هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەم کوردستانە سەربەخۆیە، هەموو ئەم هەنگاوانە لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆدایە، بەڵام ئەمە گرنگە، ئێمە دژی شێوازی توندوتیژانەین. ئێمە دەمانەوێت ئەم کارە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگی ئاشتییانەوە ئەنجام بدەین، بە تێگەیشتنی هاوبەش و سوودی هاوبەش. ئێمە بەردەوام دەبین و ئێمە هاوکاری و هەماهەنگی زیاتر دەکەین لەگەڵ عەبادی و لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دژی تیرۆریزم. ئێمە هاوکاری زیاتر دەکەین لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا. بانگەشەی من بۆ جیهانی ئازاد ئەوەیە کە بە وەستانەوەیان لە دژی بڕیاردانی چارەنووس و مافە دیموکراتییە ئاشتییانەکانی نەتەوەکەمان، دژی بەها و پرەنسیپەکانی خۆیان نەوەستنەوە، بۆ ئەوانەش کە دەڵێن ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا زیاتر دەکات، دەڵێم: بە پێچەوانەوە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ڕێگریکردنە لە ناسەقامگیری و خوێنڕێژی زیاتر لە ناوچەکەدا.

**یەکێك لە پاساوەکانی گۆشەگیرکردنی قەتەر ئەوەیە کە ئەوان پشتیوانیی تیرۆر دەکەن، بەڵام لای ئێمە مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە ئەفسانەی تیرۆرمان تێکشکاندووە. ئێمە خوێنمان بەخشی بۆ تێکشکاندنی ئەفسانەی تیرۆر و شکستهێنان بە تیرۆریستان**

**ئەگەر ئەو گەمەکارە نێودەوڵەتییانە دژی ئەم ریفراندۆمە بن، ئەوا ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە ئەوان دژی بەها و پرەنسیپەکانی خۆیانن کە مافی ئاشتییانە و دیموکراتییانەی خەڵکە بۆ گوزارشتکردن لە بڕیارەکانیان لەبارەی چارەنووسی خۆیانەوە**

**ئێمە خوازیارین ئەم ریفراندۆمە ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی سەربەخۆییمان هەبێت، ئەمەش هاوکارمان دەبێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ زۆرێك لە کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەگەر لە حاڵەتی وڵاتانی دیکە بڕوانیت ( کە ڕێگای سەربەخۆییان گرتۆتەبەر)، ئەوانیش ڕووبەڕووی کێشەی ناوخۆیی خۆیان بوونەتەوە. ئەوان چاوەڕێی چارەسەری سەرجەم ئەو کێشە و جیاوازییە ناوخۆییانەی نەکردووە کە هەیانبووە. بۆ ئێمەش وایە و پرسی ریفراندۆم لەو کێشانە و لەو پرسانە گەورەترە، بۆیە ئەنجامی دەدەین و دواتر کێشەکانی دیکە چارەسەر دەکەین**

# بڕیاری ریفراندۆم ڕێگەی کوردستان بۆ سەربەخۆیی

مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرواری ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ی بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان راگەیاند. ئەم ریفراندۆمە لە هەموو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها ئەو ناوچانەش کە لە رووی مێژووییەوە کوردستانین و لەلایەن بەغداوە داوادەکرێن، ئەنجام دەدرێت.


گومانی تێدا نییە کە زۆرینەی رەهای کورد سەربەخۆیی دەوێت. لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٣، گرووپێك لە رۆشنبیرانی سلێمانی کەمپینێکیان بەناوی بزووتنەوەی ریفراندۆم راگەیاند، لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ ریفراندۆمێکی نافەرمی ئەنجامدرا، کە دوو پرسیاری ئاراستەی دەنگدەران کردبوو، یەکەم: ئایا دەتەوێت لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، دووەم: یان دەتەوێت سەربەخۆ بیت، لەکۆی ١،٩٩٨،٠٦١ کەس کە دەنگیان دابوو، بە رێژەی ٩٨,٨٪ پشتگیری سەربەخۆیی کوردستانیان کردبوو.

لەو کاتەدا کورد هەندێك لە ئومێدە نەتەوەییەکانی هاتەخوارەوە و داوای سەربەخۆییان دواخست و پشتگیری دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقیان کرد، کە بەپێی ئەو دەستوورە عێراق وەك دەوڵەتێکی کۆماری و فیدراڵی و دیموکراتی راگەیەندرا. وێڕای ئەوەی لێدوانی برایانە سەبارەت بە (برایەتی عێراقییەکان) بوونی هەیە، بەڵام کورد هیچ متمانەیەکی بە بەغدا نەماوە.

ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کە داوادەکات لەکۆتاییی ٢٠٠٧ ریفراندۆم لەسەر چارەسەرکردنی بارودۆخی کەرکووك ئەنجام بدرێت، بەڵام بەغدا چەندین جار بەرواری ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمەی لەبیرخۆی بردەوە، هەر بۆیە شکستهێنان لەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك بووە هۆکاری ئەوەی مەترسییەکانی کورد لەسەر پرسەکانی دیکەش وەك خاوەندارێتی سەرچاوە سرووشتییەکان و کۆنترۆڵکردنی داهاتی نەوت و پێشمەرگەش بەسەر یەکدا کەڵەکە بن.

ئێستا عێراق تەنیا بەناو بوونی هەیە، کوردستانی عێراق هەموو مافەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پیادە دەکات، تەنیا شتێك کە نییەتی کەسایەتی نێودەوڵەتی یاسایی نێودەوڵەتی (الشخصية القانونية الدولية)ـە.

گومانی تێدا نییە ئەو دەوڵەتانەی کە



**نووسینی: داڤید فلیپس***

* بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی بونیادنانی ئاشتی لە زانکۆی کۆلۆمبیا و ئەم وتارەی رۆژی ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٧ لە هەڤیگتۆنپۆست بڵاوکردۆتەوە

هاوسنوورن لەگەڵ کوردستان بە بڕیاری ریفراندۆمەکەی بارزانی رازی نابن، بەڵام کاردانەوەکانیان زۆر لەوە هێورتر بوو کە چاوەڕوان دەکرا. حکومەتی عێراق لە بنەڕەتدا ناڕازی بوو لەسەر کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە، هەروەها ناڕازی بوو لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکووک و ناوچە جێ ناکۆکەکانی دیکە.

حکومەتی عێراق پێویستی بە پشتگیری کوردە، لەبەر ئەوەی پشتی بە بەشداری کورد بەستووە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لە کۆتایی ئەمساڵدا بەڕێوە دەچێت، هەروەها هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کە لە ساڵی ٢٠١٨ ئەنجام دەدرێت. تاران-یش ناڕازیبوونی خۆی بۆ ریفراندۆم پیشان دا، بەڵام ناڕازیبوونەکەی هێورتر بوو لەوەی چاوەڕوان دەکرا، پاش ئەو هێرشەی داعش کردیە سەر ئێران. هەر بۆیە کاتێك بەرپرسانی هۆشدارییان دا بەکورد سەبارەت بە هەڵوێستیان دژ بە (یەکپارچەیی عێراق)، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی گوتن: دەستتێوەردان رابگرن.

هەروەها بنیاڵی یلدرم سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەگەڵ ئەوەی ریفراندۆمەکەی بە (نابەرپرسیارانە) پێناسە کرد، بەڵام سەرۆك ئەردۆگان بێدەنگی نواند، بێگومان لە تورکیاش تەنیا بۆچوونی ئەردۆگان بە پرسێکی گرنگ دادەنرێت.

سووریا بە رادەیەك بارودۆخی لەبەریەك هەڵوەشاوە کە نایەوێت لەسەر باردۆخی کوردستانی عێراق باجی زیاتر بدات، لەگەڵ ئەوەی کوردی عێراق و سووریا بەراورد ناکرێن، بەڵام دیمەشق دەترسێت کە کوردانی رۆژئاواش لە (عەفرین و کۆبانی و جەزیرە) هەوڵ بۆ سەربەخۆیی بدەن.

هەڵوێستی ئەمریکا زۆر گرنگە، ئەمریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونەتە دوو هاوبەشی ستراتیژی، ئەمەش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کوردەکانی عێراق و ئەمریکا بەهای هاوبەشیان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەنێوان کوردستان و ئەمریکادا هاوکارییەکی فراوانی ئاسایشی و ئەمنی هەیە، پێشمەرگە بۆتە هێزی سەرەکی لەدژی داعش، هەروەها پێشمەرگە رووبەرێکی گەورەی خاکی لە باکووری عێراق ئازادکردووەو زۆر قارەمانانەش لە ئۆپەراسیۆنی



موسڵ بەشداریی کردووە.

ئیدارەی ترەمپ هەوڵیداوە کە دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە بکات، ئەو پابەندە بە (یەکپارچەیی و سەقامگیری و دیموکراتی و عێراقی فیدراڵەوە) لە هەمانکاتدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاندووە کە تێگەیشتنیان بۆ تێڕوانینە مەشرووعەکانی گەلی کوردستان هەیە.

خواستی سەرەکیی ئەمریکا تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشە، لە ئێستادا ئیدارەی ئەمریکا هەر بەناو دژی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەترسێت کە سەربەخۆیی کوردستان لە ئەولەوییەتی سەرەکیی تێکشکاندنی داعش بێنێتە خوارەوە. بەرپرسانی ئەمریکا دەزانن کە کوردستانی عێراق تازەترین دەوڵەتی ئاییندە دەبێت، بۆیە ئەوان لەوە ناپرسن کە ئایا کوردستان سەربەخۆ دەبێت، یان نە، بەڵکو پرسیاری ئەوان ئەوەیە کە کەی و چۆن سەربەخۆ دەبێت؟

**بەرپرسانی ئەمریکا دەزانن کە کوردستانی عێراق تازەترین دەوڵەتی ئاییندە دەبێت، بۆیە ئەوان لەوە ناپرسن کە ئایا کوردستان سەربەخۆ دەبێت، یان نە، بەڵکو پرسیاری ئەوان ئەوەیە کە کەی و چۆن سەربەخۆ دەبێت؟**

هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پلانێکە بۆ رۆژی دوای ریفراندۆم، پێویستە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە لە راگەیاندنی سەربەخۆیی بکەن، لەبری ئەمە دەبێت دەست بە دانوستاندنێکی تێروتەسەل بکەن لەسەر وردەکارییەکانی جیابوونەوەی دۆستانە لەگەڵ بەغدا، هەروەها دەبێت دەست بە کاری هەماهەنگی بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکان کە ئەوانیش بریتین لە: (هەڕەشەکانی داعش، گێڕانەوەی ئاوارەکان و هەروەها بەڕێوەبردنی تەنگژەی ئابووری لە ناوچەکەدا).

**پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێت: (کورد بێجگە لە چیاکان دۆستی دیکەی نییە)، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبییشدا، ئەمریکا دۆستێکی باشتری لە کوردەکان نییە**

من سەرپەشتی تاسکفۆرسی (بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق)م لە زانکۆی کۆلۆمبیا کردووە، کوردستانی عێراق لە ٢٠١٥ رووبەڕووی گەردەلوولێکی تەواو بووەوە، ئەوە بوو داعش هێرشی کردە سەری، هاوکات دەرگای ئاوالا کرد بۆ نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە، لەمەشدا توانی ئەو حاڵەتە فریاگوزارییە مرۆییە ئیدارە بدات. کەڵەکەبوونی کورتهێنانی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەو بڕیارە خراپەی بەغدا بە بڕینی بودجە و دابەزینی نرخی جیهانیی نەوت، بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخەکە زۆر سەقامگیرە.

راگەیاندنی بەرواری ریفراندۆم هەنگاوێکی گەورەیە لەسەر رێگەی سەربەخۆیی، لە ئاییندەشدا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دانوستاندنێکی ئارام لەگەڵ بەغدا بکات، بەڵام ئەم دانوستاندنە نابێت کراوە بێت و کۆتایی نەبێت. دوای ١٢ مانگ بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم (واتە لە ئەیلوولی ٢٠١٨) حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێت، ئەوجا لەگەڵ بەغدا گەیشتبێتنە رێککەوتن، یان نەگەیشتبن.

ئەم ماوەیە کاتێکی نموونەیی نییە بۆ ئەوەی



یەکێك بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، بەڵام بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاکامێکی حەتمی بەغدا بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوماڵی خۆیدا نیزام دروست بکات، دیموکراتی بچەسپێنێت، دامەزراوە دیموکراتییەکان پتەوبکات و کۆتایی بە دابەشبوونی نێوماڵی کورد بهێنێت.

دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی پابەند بکات بە مافی کەمینەکان و ئافرەتان، ئێزیدییەکان کە پێویستیان بە ئیمتیاز و پارێزگاری تایبەتی هەیە.

سەربەخۆیی کوردستانی عێراق دەبێتە رووداوێکی گرنگ بۆ یەکڕیزی و دەبێتە یارمەتیدەری نەهێشتنی پەرتەوازەیی لەنێوان گرووپەکاندا، هەروەها سەربەخۆیی رووداوێکی گرنگە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە یەکڕیزی لە ناو کوردی ناوچەکە بێنێتەئاراوە.

ئەمریکا لەم پرۆسەیەدا دوورەپەرێز راناوەستێت، لەمبارەوە پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێت: (کورد بێجگە لە چیاکان دۆستی دیکەی نییە)، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبیشدا، ئەمریکا دۆستێکی باشتری لە کوردەکان نییە.



## دیندار دۆسکی

سیاسەتمەدارو چاودێری سیاسی بۆ گوڵان:

# بزووتنەوەی گۆڕان دژایەتیی سەربەخۆیی بۆ ناچێتەسەر و لاپەڕەیەکی ڕەش بۆخۆی تۆماردەکات

**سەرۆك بارزانی و حزبە كوردستانییەكان رۆژێكیان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستنیشان كرد، ئەم بڕیارە بریارێكی چارەنووسساز و گرنگە لە مێژووی گەلی كوردستاندا، ئاشكراشە خەڵكی كوردستان بەشی هەرە زۆری بە (بەڵێ) دەنگ دەدات، بەڵام ئەمجارەش بزووتنەوەی گۆڕان و كۆمەڵی ئیسلامی خۆیان لە ئیجماعی نیشتمانی هێنایە دەرەوە. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە بڕوایان بە ریفراندۆم نییە، یا دەستی دەرەكی لە پشتیانە؟ بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە سەردانی دیندار دۆسكی سیاسەتمەدارو چاودێری سیاسیمان كردو ئەم دیمانە تایبەتەمان لەدهۆك لەگەڵی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی (گوڵان)ی دایەوە.**

*** سەرەنجام سەرۆك بارزانی و حزبە كوردستانییەكان رۆژێكیان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستنیشان كرد، ئەم بڕیارە بڕیارێكی چارەنووسساز و گرنگە لە مێژووی گەلی كوردستاندا، خوێندنەوەتان بۆ ئەم وەرچەرخانە مێژووییە چییە؟**

- بابەتی ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان، ئومێدی هەموو كوردێكە لەهەر چوار پارچەی كوردستان، لە راستیدا كە رۆژی ریفراندۆم دیاری كرا، زۆر دڵخۆش بووم، چونكە وتم ئەمە بووە پڕۆژەیەكی جددی، چونكە پێشتر باس و خواستی دەوڵەتی كوردستان و ریفراندۆم و سەربەخۆبوون تەنیا دروشم و گفتوگۆی دوور بوو لە بەرنامە و ستراتیژییەتدا، بەڵام جەنابی سەرۆك بارزانی هاتووە و لەگەڵ حزبەكان كۆبووەتەوەو رۆژێكیان بۆ ریفراندۆم دیاری كردووە، بەمە هەر هەموومان دڵخۆش و دڵگەش بووین، كە ریفراندۆم و سەربەخۆبوون بووە پڕۆژەیەكی جددی و ستراتیژیی لەناو عەقڵییەتی هەموو كوردستانییەكان و حزبەكان و دامودەزگاكانی، لەمەودواش كەس ناتوانێت بەرنامەو داخوازیی كەمتری هەبێت، هەر بۆیە دیاریكردنی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بۆ گەلی كوردستان رۆژێكی مێژوویی دەبێت.

*** ئاشكرایە بەشی هەرە زۆری خەڵكی كوردستان بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە كورد بڕیار دەدات بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو بنێت، ئایا دەوڵەت بۆ گەلی كوردستان چی لەباردۆخەكە دەگۆڕێت و تاچەند پێگە و شكۆی كوردستان لە جیهاندا بەرزدەكاتەوە؟**

- دەوڵەت ناسنامەی هەر گەلێك دیاری دەكات، بێ دەوڵەت كورد بێ ناسنامە و بێ كەسایەتییە، دەوڵەت ناسنامەی كورد دەپارێزێت و بۆ پاراستنی كیانی كوردییە، ئێمە تووشی ئەنفال و كیمیاباران و كۆمەڵكوژی بووین، بەبێ ئەوەی خەڵكی باسیشی بكات، تەنانەت ئەو كاتیش ئەوانەی باسی كۆمەڵكوژی ئێمەیان كردووە، تەنیا لەبەرژەوەندی خۆیاندا بووە، هەر كاتێك مەسەلەیەكی كورد لەبەرژەوەندی ئەواندا نەبووە، لێی بێدەنگ بوون، لەكاتێكدا گەر ئێمە دەوڵەت بووینایە ئەو بێدەنگییە نەدەبوو، بوون بە خاوەن دەوڵەت لە كۆمەڵكوژی و نەهامەتی رزگارمان دەكات و ئەو كارەساتانە دووبارە نابێتەوە، بۆیە دەوڵەت ناسنامەو كەسایەتی و زاتی ئەو نەتەوەیەیە كە نەتەوەی كوردو خەڵكی كوردستانە.

*** بەپێچەوانەی ئەوەی مەزندەمان بۆ دەكرد كە دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی سعودییە و ئەردەن دژی سەربەخۆیی كوردستان بن، كەچی هەست دەكەین سۆزێكی جەماوەری لەگەڵ بڕیاری ریفراندۆم و سەربەخۆیی كوردستان هەیە، ئایا خوێندنەوەت بۆ هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی چۆنە بەتایبەتی سعودییە و ئەردەن؟**

- من باوەڕم وایە ئەم دۆخە سیاسییەی ئێستا لەبەرژەوەندی كوردە، دەنا بۆچی ئەو رۆژەو كاتە دیاریكرا، لەدوای داعش هەموو خەڵك چاوەڕوانی ئەوەن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی سووریا و عێراق گۆڕانكاری گەورەی بەسەردا بێت، هەموو جیهان دەزانن سایكس پیكۆ كۆتایی هات و چاوەڕوانی ئەو وڵاتە زلهێزانەن شتێكیان بۆ ئەم ناوچەیە هەبێت، پێشتر سایكس پیكۆ تەنیا لەبەرژەوەندی بەریتانیا و فەرەنسادا بوو، ئەمڕۆ زلهێز و دەوڵەتی گەورەی دیكە هەیە، ئەمریكا و رووسیا لەناوچەكە بوونیان هەیەو نەخشەی نوێیان بۆ دووبارە دابەشكردنەوەی ناوچەكە هەیە، هاوكێشە نێودەوڵەتییەكان گۆڕانكاری بەسەردا

**لە ڕێگەی سەردانی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ سعودییە و ئیمارات بیروبۆچوونێکی وایان لا دروست بووە کە بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانینیان بۆ کورد بگۆڕێت**

**ناکرێت ئێمە ئێستا ببینە کۆسپ لە ڕێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەوڵەتی کوردستان، بە پێچەوانەی هەموو نیشانە سیاسی و ئابوورییەکان و توێژینەوەکانی ناوەندە جیهانییەکان کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان بە ئەمری واقیع داناوە**

**بێگومان هیچ کام لە حزبە کوردستانییەکان تەحەمولی ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە لە بەرامبەر مێژوودا ناکەن، کە شکست بەم پرۆژە نەتەوەییە بهێنن**

**هەڵوێستی تورکیاو ئێران زۆر دژوارە لەبەرامبەر ریفراندۆمەکە، ئەو دوو دەوڵەتەش لەکوردستاندا خاوەنی نفووزی خۆیانن و بۆ ئەوەی رێگە لە ریفراندۆمەکە بگرن، خەڵکێک لە دژی سەربەخۆیی بەکار دەهێنن**

**لەمێژوودا کورد لەبەر ئەوەی کیانی سیاسیی خۆی نەبووە، نەتەوەیەکی لاواز بووە و نەتەوەکانی دیکە فشاریان بۆ هێناوەو سوودیان لە دووبەرەکی و سێ بەرەکیی کورد وەرگرتووە**

**گۆڕان دەرگایان لەدانوستاندن و گفتوگۆ لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمانیش داخستووەو ژینگەیەکی ناتەندروستی خراپیان دروستکردووە، کە بە هیچ شێوازێک لەگەڵ ژینگەی سیاسی و حزبایەتی و دیموکراسی ناگونجێت**

هاتووە، هیچ جارێك لە مێژووی نەتەوەی کورددا نەبووە وا بەهێز بێت و ئەوەندە پشتیوانی هەبێت، بێگومان قارەمانێتی پێشمەرگە لەشەڕی داعش زۆر بەرچاو و گەورە بوو، هەبوونی سیستەمی فیدراڵی لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی پێشکەوتوو باش بەڕێوەچووە و زۆر شت وایکردووە ئێستا لەناو رای گشتی کوردو کێشەکەی قورسایی خۆی هەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کردووە، چ لەگەڵ دنیادا، چ لەناوخۆی وڵاتەکانیاندا کێشەو گرفتی خۆیان هەیە. ئەوەتا تورکیا کێشەی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاو زۆر وڵاتی ناوچەکە هەیە و پەیوەندییە سیاسییەکانیان ئەوەندە باش نییە، ئێرانیش لەدوای هاتنی ترەمپ هەڵمەتێکی زۆر توندوتیژو قورسی لەسەرە، تەنانەت ئەمریکا لەناوچەکەدا ئێران بە پاڵپشتی و هاوکاریکردنی تیرۆر تۆمەتبار دەکات، بەحوکمی ئەوەی عێراق کەوتۆتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە، ئەوا زۆربەی وڵاتانی عەرەبییش کە ترسیان لە پرۆژەی هیلالی شیعە هەیە، هەمان بیروبۆچوونیان بەرامبەر ئێران هەیە، بۆیە پشتیوانی لە کوردستان دەکەن، هەروەها وڵاتانی زلهێزو هاوپەیمانەکانیش پێیان باشە عێراق دابەش بێت بۆ دوو سێ دەوڵەت، لەلایەکی دیکە کورد خۆیشی لە ناوەندە دیپلۆماتییەکان کاری زۆر باشی کردووە و پشتگیری بەدەست هێناوە، هەر ئەمەشە وایکردووە زۆربەی هەرە زۆری ئەو وڵاتانە کونسوڵیەتیان لەهەرێمی کوردستان هەبێت و بڕوایان وابێت کێشەی کورد بە رێگەی دیپلۆماسیەتی کوردی چارەسەر بێت. بێگومان لە رێگەی سەردانی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ سعودییە و ئیمارات بیروبۆچوونێکی وایان لا دروست بووە کە بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانینیان بۆ کورد بگۆڕێت، بەوەی کە کورد دژی عەرەب نییە و میللەتێکە خاوەنی خاك و مافی خۆیەتی، دەنگی وڵاتانی وەك سعودییە و ئیماراتیش بۆ ئێمە گرنگە کە قورسایی سیاسی و ناوبانگی خۆیان لەناوچەکەدا هەیە و هەڵوێستیان تا رادەیەکی باش بەرامبەر کورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

*** ئێمە وەك گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت پێناسە کرابووین، هەروەها پێیان دەگوتین بێجگە لە چیاکان کەسی دیکەتان نییە، بەڵام ئێستا قارەمانیەتی پێشمەرگە، هاوپەیمانیی نیودەوڵەتیی دژی داعشی کردۆتە هاوپەیمانی کوردستان و جیهان هەمووی بە رێزەوە سەیری کوردستان و پێشمەرگە دەکەن، ئایا پێتانوایە تاچەند سەرکەوتنەکانی داعش زەمینەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست کردووە؟**

- داعش گروپێکی تیرۆریستییەو تاوانی گەورەی ئەنجام داوە و هەڕەشەیەکی گەورەش بووە لەسەر کوردستان و جیهانیش، هێزی پێشمەرگەش قارەمانانە توانیویەتی بەرەنگاریان ببێتەوە و سەلماندی کە توانای تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشی هەیە، ئەمە لەکاتێکدا سوپای عێراق بەو هەموو هێزو چەك و تەقەمەنییە پێشکەوتووەوە نەیتوانی بۆچەند کاتژمێرێك بەرگری بکات و رایانکردو تەواوی ناوچەی موسڵ و پارێزگاکانی سوننەیان تەسلیمی داعش کرد، بەڵام پێشمەرگە لەکۆبانێ تا دەگاتە شنگال و تەواوی سنووری باشووری کوردستان بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر توانی رووبەرووی دڕندەترینی تیرۆریستان ببێتەوە، پێشمەرگە لەهەموو بەرەکاندا بەرامبەر داعش راوەستاو سەرکەوتوو بوو، بەوەش ناوبانگێکی جیهانی لە قارەمانەتی بۆخۆی دروست کردو لەسەر ئەرزی واقیعدا بووە بەشێکی بەهێز لە هاوکێشەیەکی دیارو بەرچاو لەناوچەکەدا، هەربۆیە بۆی هەیە بڵێم: پێشمەرگە بۆتە بەشێك لەهێزی هاوپەیمانان، هەر ئەمەشە وایکردووە کورد رای گشتیی جیهان بە ئەوروپی و ئەمریکی و هەموو وڵاتانی دنیا بۆ خۆی راکێشێت، بە درێژایی مێژووش پێشمەرگە سیمبولێك بووە بۆ خزمەتی دۆزە رەواکەی کورد. ئێستا لەدوای داعش نازانین چی دروست دەبێتەوەو چ گرووپێکی توندڕەوی دیکە لەم ناوچەیەدا سەرهەڵدەداتەوە، بۆیە کورد دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی لەم ناوچەیەدا و لەهاوکێشە نێودەوڵەتیەکاندا رۆڵی گەورەی دەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی تیرۆر، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەواتە کورد قارەمان و گیانفیدا بووە لە شەڕی داعشدا و پێویستە خەڵات بکرێت و رێزی گەورەی لێ بگیرێت، گەورەترین خەڵاتیش گەڕانەوەی ئەو مافە زەتکراوانەیە کە لە چوارچێوەی رێککەوتنی سایکس پیکۆ لە کورد زەوت کراون.

*** ئەمجارەش بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی**

**ئیسلامی خۆیان لە ئیجماعی نیشتمانی هێنایە دەرەوە و دژایەتی خۆیان بۆ پرۆسەی ریفراندۆم راگەیاند، لەئێستاشەوە ماکینە ئیعلامییەکەیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی بەئاشکرا دژایەتی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، ئایا خوێندنەوەت چییە بۆ حزبێکی کوردستانی کە خۆی لە ئیجماعی نیشتمانی دابڕێت و دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکات؟**

- مەسەلەیەکی وەکو دەوڵەت و سەربەخۆبوون و ریفراندۆم دەرفەتێکی مێژووییە و لە بەرژەوەندی کورددایە، بەڵام جێگای داخە و حەیفە ئێمە لەبەر ناکۆکی و هەندێك شت بێین و ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین کە رەنگە جارێکی دیکە ئەم فرسەتە دووبارە نەبێتەوە، هەندێك شت هەیە نیشتمانی و نەتەوەییە و ناکرێت لەسەر ئەم بابەتانە بیروبۆچوونمان جیاواز بێت و ئەمە بکەینە ئاستەنگ بۆ ئەوەی ئامانجێکی گەورەی وەکو سەربەخۆبوون و دەوڵەتبوون لەدەست بدەین. ئەگەر ئەوانە پێیانوایە ئەنجامی ریفراندۆم دەوڵەت دروست ناکات، ئەمە پاساوێکی زۆر زۆر لاوازە، چونکە ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم ئەگەر دەوڵەتیش رانەگەیەنین، کورد دەباتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووی قۆناغێك کە دەکرێت لەگەڵ حکومەتی عێراق دانوستاندن لەسەر سەربەخۆبوون و دەوڵەتبوونیان لەگەڵدا بکەین، واتا ریفراندۆم ئێمە لەقۆناغی حوکمی زاتی و فیدڕاڵی و کۆنفیدڕاڵی دەباتە قۆناغێکی پێشکەوتوتری بە خاوەن دەوڵەتبوون، هەربۆیە لەدوای ئەم ریفراندۆمە ئەگەر دۆخەکە گونجاو نەبێت و راستەوخۆ دەوڵەتیش رانەگەیەنین، کورد قسەی خۆی دەکات و ئیرادەی میللەت سەردەکەوێت و کوردستان بەرەو قۆناغی سەربەخۆبوون و دەوڵەت هەنگاو دەنێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەو پێشکەوتنێکە بۆ داخوازییەکانی ئێمە وەکو کوردو گەلی کوردستان. ئەو برادەرانەی دژی ئەنجامدانی ریفراندۆمن بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان، باسی مەرجی جۆراوجۆر دەکەن، بۆ نموونە باسی ئەوە دەکەن هەر لە ئێستاوە دەبێت بزانین ئەمە چ دەوڵەتێکە بۆ گەلی کورد داوای دەکەین؟ ئەم هەموو نەتەوەیە لەسەر گۆی زەوی دەوڵەتیان راگەیاندو لە قۆناغی یەکەمدا بیریان نەکردەوە لەوەی کە چ دەوڵەتێکە، دیکتاتۆری بووە، یا دیموکراتی بووە، گرنگ ئەوەیە دەرئەنجام دەوڵەت هەبێت، لەبەر ئەوەی دواتر دەبێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و سیستەماتیك هەر وەکو چۆن ئەوان پێیدا تێپەڕ بوون. دنیا هەمووی دیموکراسی نەبووە لە سەرەتاوە دیموکراسیەتیش واتاو مانای جۆراوجۆری هەیە. هیچ حزب و سیاسەتمەدارێك نەبووە لەمێژوودا هێشتا دەوڵەتی دەست نەکەوتووە، بڵێ ئەگەر بەو مەرجەی من نەبێت، ئەو دەوڵەتەم ناوێت، کە دەوڵەتمان هەبوو میللەت بڕیار دەدات چ جۆرە دەوڵەت و ئابوورییەکی دەوێت، هەر بۆیە ناکرێت پرۆژەی دەوڵەت دوابخەین و بمانەوێت سیستەمێکی پێشکەوتووی سیاسیی و دیموکراتی دروست بکەین، چونکە ئەو سیستەمە پێشکەوتووە و ئەو ئابوورییە بەهێزە بێ دروستبوونی دەوڵەت نابێت، لەکاتێکدا کە دەوڵەتمان نییە، چۆن دەتوانین لەسەر سیستەمی سیاسیی ئەو دەوڵەتە کار بکەین؟ بۆیە ئەو برادەرانە، بەتایبەتی گۆڕان هەقە جگە لەوەی بیروباوەڕی جیاوازیان لەگەڵ پارتی هەیە، با بۆ بابەتی پرۆژەی بەخاوەن دەوڵەتبوون وەکو حزبەکانی دیکەی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەی کە ئەنجامدرا و رۆژی ریفراندۆم دیاری کرا، پێویست بوو گۆڕان بەشدار بووایەو لەگەڵ حزبەکان یەکڕیزو یەکدەنگ بوونایە، دواتر دەمانتوانی ئەو راوبۆچوونە جیاوازەی ئەوان باس بکەین و پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم و دوای دروستبوونی دەوڵەت ئەوکات دەمانتوانی باسی کاراکردنەوەی پەرلەمان بکەین و باسی ئەوە بکەین کە لەمانگی ١١-٢٠١٧ وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانە و مومکینە ئەو قەیرانە سیاسییە چارەسەر بێت، یان زۆرجار گۆڕان و هاوبیرانی ئەو بزووتنەوەیە دەوڵەتی کوردستان دەکەنە پرۆژەی کاك مسعود بارزانی و لەحزبیش دەیهێننە دەرەوە. من نازانم تاکەی وابیردەکەنەوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە دەوڵەتمان دەوێت، گرنگ نییە لەسەر دەستی کێ ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێت.

*** ئایا بڵاوکردنەوەی ئەو پاساوانە و درێژەکردنەوەی ئەو ناکۆکییانە تەنیا مەبەست لێی ئەوە نییە ئەو دەرفەتە مێژووییە لەبار ببرێت؟**

- من لەو باوەڕەدام نە گۆڕان نە غەیری گۆڕانیش ئەمەیان بۆ ناچێتە سەر، ئەگەر پارتی و یەکێتی رێکبکەون و ئیجماعی حزبەکانی

**کاتێک پرسیارێک لەکورد دەکەیت، بەوەی کە ئایا سەربەخۆییت دەوێت، وەڵاهی تەنیا یەک وەڵامت لەبەردەستدایە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ دەوڵەتی کوردو نەتەوەکەی خۆیدایە، نەک بێلایەنی، چونکە بێلایەنی دژایەتیکردنی ئەو پرۆژە نیشتمانی و نەتەوەییە ئاشکرا دەکات**

**گوتاری دژی حکومەت و پارتی لە سنووری سلێمانی تا رادەیەک جەماوەری خۆی هەیە، هەربۆیە هەر کەسێکیان لەسەر ئەم ریتمە بێت، وا دەزانێت ئیتر لە هەڵبژاردنەکان دەنگ بەدەست دەهێنێت، کۆمەڵ دەیەوێت لە رێگەی ئەم گوتارەوە کێبڕکێی یەکگرتووی ئیسلامی بکات**

**هەر وەکو ئەوەی عەلی باپیر باسی کردووە، بڕوایان بە دەوڵەتی کوردی هەیە؛ بەڵام هەڵوێستەکانیان جێگای پرسیارە، هەر لە سەرەتاوە چوونیان لەگەڵ گۆڕان بۆ ناو ئۆپۆزیسیۆن و لێدوانی توندوتیژ و ئەو خیتابە ئیعلامییەیان، جگە لە مەسەلەی پڕوپاگەندەی ئیعلامی هیچی دیکە نەبووە**

**ئێستا تەنیا باسی سەربەخۆبوون و دەوڵەت نییە، باسی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە کە رای خۆیان بدەن و شەرعییەت بدەنە سیاسەتمەدارانی کوردستان بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان بەناوی گەل و خەڵکی کوردستانەوە رابگەیەنن**

**گۆڕان و حزبە ئیسلامییەکانیش ئەگەر دژی ریفراندۆم و سەربەخۆبوون رابوەستن، ناتوانن وەڵامی جەماوەری خۆیان بدەنەوە، چونکە حزبێکی کوردی ناتوانێت بەجەماوەرەکەی بڵێت دەنگ مەدە بە دەوڵەتی کوردستان، لەکاتێکدا ناوی کوردستانی بەخۆیەوە لکاندووە**

**زۆرجار گۆڕان و هاوبیرانی ئەو بزووتنەوەیە دەوڵەتی کوردستان دەکەنە پرۆژەی کاک مسعود بارزانی و لەحزبیش دەیهێننە دەرەوە. من نازانم تاکەی وابیردەکەنەوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە دەوڵەتمان دەوێت، گرنگ نییە لەسەر دەستی کێ ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێت**

دیکە لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆبوون بێت، بە هیچ شێوەیەك گۆڕان سەرکەوتوو نابێت. پارتی و یەکێتی دوو حزبن دەسەڵاتی راستەقینەن لە رووی دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازی و ئیداری و حکوومی و ئابوورییەوە پێگەیەکی گەورەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییان هەیە و هەر ئەوانیش دەتوانن سەرکەوتوو بن لە راگەیاندنی سەربەخۆبوونی دەوڵەتدا. تەنانەت گۆڕان و حزبە ئیسلامییەکانیش ئەگەر دژی ریفراندۆم و سەربەخۆبوون رابوەستن، ناتوانن وەڵامی جەماوەری خۆیان بدەنەوە، چونکە حزبێکی کوردی ناتوانێت بەجەماوەرەکەی بڵێت دەنگ مەدە بە دەوڵەتی کوردستان، لەکاتێکدا ناوی کوردستانی بەخۆیەوە لکاندووە، بەپێچەوانەوە ئەوانەی دژی دەوڵەتی کوردستانن، یا دژی ریفراندۆمەکەن بۆ مێژوویان باش نییە، برادەرانی گۆڕان زیانمەند دەبن لەکاتی سەرکەوتنی ریفراندۆم و سەربەخۆبوون و بەدەستهێنانی دەوڵەت، بە راستی من وەکو سیاسەتمەدارێك لێدوان و ئەو قسانە بە نامۆ و سەیر و غەریب دەزانم و بگرە هەموو کوردێکیش پێی سەیرە، کوردێك یان لایەنێکی کوردی دژی ریفراندۆم و سەربەخۆبوون بوەستیتەوە، چونکە هەر حزبێکی کوردستانی ناویان لەو پرۆژە نیشتمانییە نەبێت، زیان بە خۆیان و جەماوەرەکەی خۆیان دەگەیەنن، ئێستا تەنیا باسی سەربەخۆبوون و دەوڵەت نییە، باسی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە کە رای خۆیان بدەن و شەرعییەت بدەنە سیاسەتمەدارانی کوردستان بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان بەناوی گەل و خەڵکی کوردستانەوە رابگەیەنن.

*** لەهەمانکاتدا کۆمەڵی ئیسلامی-یش بە هەمان شێوەی گۆڕان خۆی لە ئیجماعی نیشتمانی هێناوەتە دەرەوە، بەڵام وەك خۆیان دەڵێن ئەوان نە پشتگیری ریفراندۆم دەکەن، نە دژایەتیشی دەکەن، پرسیار ئەوەیە ئەو هۆکارانە چین کە کۆمەڵی ئیسلامی نەهاتۆتە ناو پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی؟ ئایا بڕوایان بە سەربەخۆیی نییە، یان بە هاندانی دەرەکی ئەم کارە دەکەن؟**

- بە لێدوانەکانیان بێت هەر وەکو ئەوەی عەلی باپیر باسی کردووە، بڕوایان بە دەوڵەتی کوردی هەیە؛ بەڵام هەڵوێستەکانیان جێگای پرسیارە، هەر لە سەرەتاوە چوونیان لەگەڵ گۆڕان بۆ ناو ئۆپۆزیسیۆن و لێدوانی توندوتیژ و ئەو خیتابە ئیعلامییەیان، جگە لە مەسەلەی پڕوپاگەندەی ئیعلامی هیچی دیکە نەبووە، ئەمە دەچێتە ناو چوارچێوەی کێبڕکێی سیاسی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، بەتایبەتی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، هەموومان دەزانین گوتاری دژی حکومەت و پارتی لە سنووری سلێمانی تا رادەیەك جەماوەری خۆی هەیە، هەربۆیە هەر کەسێکیان لەسەر ئەم ریتمە بێت، وا دەزانێت ئیتر لە هەڵبژاردنەکان دەنگ بەدەست دەهێنێت، کۆمەڵ دەیەوێت لە رێگەی ئەم گوتارەوە کێبڕکێی یەکگرتووی ئیسلامی بکات و بیسەلمێنێت کە حزبی یەکەمی ئیسلامین لەکوردستان، هەربۆیە تەنانەت من بڕوام نییە بە تەنسیقی ئیسلامی و ئەو پڕۆژەیەی لەنێوان یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی هەیە، کە تا ئێستا سەری نەگرتووە، چونکە کۆمەڵ دەڵێت لەدوای هەڵبژاردن دێنە ناو ئەو پڕۆژەیە، ئەمەش لەو بڕوایەوە دروست بووە کە لەدوای هەڵبژاردن ئەوان دەبنە حزبی یەکەمی ئیسلامی. باسی ئەوەتان کرد کە کۆمەڵ دەڵێت: ئێمە نە لەدژی ریفراندۆمین، نە لەگەڵیداین، ئێ خۆ ئەمە نابێت، دەبێت هەر لەگەڵیدا بێت، چونکە هیچ کوردێك لەم پرسەدا ناتوانێت بێلایەن بێت و دەبێت هەڵوێستی بۆ پشتیوانی لەو پرسە هەبێت. کاتێك پرسیارێك لەکورد دەکەیت، بەوەی کە ئایا سەربەخۆییت دەوێت، وەڵاهی تەنیا یەك وەڵامت لەبەردەستدایە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ دەوڵەتی کوردو نەتەوەکەی خۆیدایە، نەك بێلایەنی، چونکە بێلایەنی دژایەتیکردنی ئەو پڕۆژە نیشتمانی و نەتەوەییە ئاشکرا دەکات. دەوڵەت پێداویستیەکی نیشتمانییە، نەك دینی، واتا هیچ عوزرێکی شەرعی نییە لە دژی دەوڵەتی کوردی بێت، من کوردم و نەتەوەیەکم و خاکم هەیە و پێویستیم بە سیستەمە و دەوڵەتم دەوێت و پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە. جارێکیان ئیمام عەلی لەگەڵ خوارج دانیشت و دانوستاندنیان دەکرد، ئەوان دەیانوت بەس خودا حاکمە؛ ئیمام عەلی لە بارەی ئەوانەوە وتی: ئەوانە دەیانەوێت حاکم و ئیدارەو دەوڵەت نەبێت، دەنا دەسەڵات، یان

حاکمییەت ئەگەر باش بێت، یاخود خراپ بێت، دەبێت بۆ ڕێکخستن و ئیدارەکردن هەبێت. لەبەر ئەوە ئێمە پێویستیمان بەدەسەڵات هەیە وەکو پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی کە بەشێك لە زات و کیانی ئێمە دەپارێزێت. ئەوە هەڵوێست نییە کە دەڵێن من نە لە دژی ریفراندۆم و نە لەگەڵیدام، یا با دوای بخەین، ئاخر بۆ ریفراندۆم دوابخرێت؟ ئەم هەنگاوە مێژووییانە لەسەر بنەمای زانیاری و پاڵپشتی بڕیاری لەسەر دەدرێت. من لەو بڕوایەدام جەنابی سەرۆك کە سەرۆکی دەوڵەتێکی دیفاکتۆیەو بەدەیان ساڵ خەباتی کردووەو شارەزاییەکی گەورەی لە رووی دیپلۆماسی هەیە و ئێستا بەپێی ئەو زانیاری و شارەزایی و پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە هەیەتی، داوا لەحزبە کوردستانییەکان دەکات ٢٥ مانگی ئەیلوول بۆ ریفراندۆم دەستنیشان بکەن، ئێ خۆ ئەمە لە خۆڕا نییە و هەموو شتێك ناوترێت. باشە با گۆڕان بهاتایەو بەجەنابی سەرۆکی بوتایە بۆچی ریفراندۆم دەکەیت؟ بۆچی ئەو رۆژە هەڵبژێردراوە؟ ئایا پشتگیری و پاڵپشتیمان هەیە؟ با دەیان پرسیاری بەجورئەتیان بکردایە و دواتر بیانوتایە ئەمە رای ئێمەیە، بەڵام گۆڕان دەرگایان لەدانوستاندن و گفتوگۆ لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمانیش داخستووەو ژینگەیەکی ناتەندروستی خراپیان دروستکردووە، کە بە هیچ شێوازێك لەگەڵ ژینگەی سیاسی و حزبایەتی و دیموکراسی ناگونجێت. حزب لە دیموکراتییەت کێبڕکێ دەکات، بەڵام دژی یەکتر نین، ئێمە لەکوردستان لەقۆناغی دژایەتیکردنین و دەمانەوێت بەدیلی یەکتر بین.

*** ئایا خولقاندنی ژینگەیەکی وا ئاڵۆزو دژوار ئەجیندەی دەرەکی لە پشت نییە؟**

- لەمێژوودا کورد لەبەر ئەوەی کیانی سیاسیی خۆی نەبووە، نەتەوەیەکی لاواز بووە و نەتەوەکانی دیکە فشاریان بۆ هێناوەو سوودیان لە دووبەرەکی و سێ بەرەکیی کورد وەرگرتووە، مێژووی سەردەمی سەفەوی و عوسمانییەکان و میرنشینەکانی کورد شاهیدی ئەم بۆچوونەن. ئێمە ئەو مێژوویەمان باش نەخوێندۆتەوە و سوودمان لێ وەرنەگرتووە، من کەس تۆمەتبار ناکەم، چونکە زانیاری و بەڵگەم لە ئێستادا بەدەستەوە نییە، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی دژی دەوڵەتی کوردستان و ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردن، هەر وا دەستەوەستان ناوەستن و بێدەنگ نابن، هەڵوێستی تورکیاو ئێران زۆر دژوارە لەبەرامبەر ریفراندۆمەکە، ئەو دوو دەوڵەتەش لەکوردستاندا خاوەنی نفووزی خۆیانن و بۆ ئەوەی رێگە لە ریفراندۆمەکە بگرن، خەڵکێك لە دژی سەربەخۆیی بەکار دەهێنن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمجارە ئومێدم وایە حزبە کوردستانییەکان کە هەموویان رەسەنن و مافی نەتەوەکەیان دەوێت، با ناکۆکییان هەبێت، بەڵام دەرئەنجام پاڵپشتی ئەم پڕۆژە نەتەوەییە دەکەن و بەفیتی دەرەکی رێگا نادەن پڕۆژەی ریفراندۆم و سەربەخۆبوون بوەستێت، بێگومان هیچ کام لە حزبە کوردستانییەکان تەحەمولی ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە لە بەرامبەر مێژوودا ناکەن، کە شکست بەم پڕۆژە نەتەوەییە بهێنن. ناوەندەکانی توێژینەوەی جیهانی و سیاسەتمەدارەکان و ناوەندەکانی دەسەڵات لە ئەوروپا و ئەمریکا هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە دۆخی هەر دوو دەوڵەتی سووریا و عێراق بۆ پێش شەڕی داعش ناگەڕێتەوە، هەرکەسێك باسی یەکپارچەیی و پاراستی خاکی ئەم دوو دەوڵەتە بکات، ناشارەزاییە لە خوێندنەوەی واقیعەکە، ئەوەتا سووریا بە عەمەلی بووەتە چوار پارچەوە، دەوڵەتی کوردستانیش لە عێراق بووەتە واقیعێك و ناکرێت بەدڵی ئەم و ئەو، پڕۆژەی دەوڵەتی کوردستان رابگیرێت، جارێکی دیکە عێراق یەکناگرێتەوەو هەر کەس و حزب و لایەنێکیش دژی بوەستێتەوە، جەماوەرەکەی خۆی لەدژی دەوەستێتەوە. دەوڵەتی کوردستان خەونی هەموومان بوو، ئێستا بووە واقیع، دوای راگەیاندنی دەوڵەتەکەش خەبات دەکەین بە رێگەی سیاسی و ئاشتی لەپێناو پیادەکردنی شێوازێکی پێشکەوتووی سیاسی و ئابووری، هەروەکو چۆن دەیان نەتەوەی دیکە دوای راگەیاندنی دەوڵەت، خەباتی مەدەنییان کردووەو گۆڕانکارییان لەسیستەمی سیاسیی خۆیان دروست کردووە، بەڵام ناکرێت ئێمە ئێستا ببینە کۆسپ لە رێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەوڵەتی کوردستان، بەپێچەوانەی هەموو نیشانە سیاسی و ئابوورییەکان و توێژینەوەکانی ناوەندە جیهانییەکان کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان بە ئەمری واقیع داناوە.

**دەنگی وڵاتانی وەک سعودییە و ئیماراتیش بۆ ئێمە گرنگە کە قورسایی سیاسی و ناوبانگی خۆیان لەناوچەکەدا هەیە و هەڵوێستیان تا رادەیەکی باش بەرامبەر کورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە**

**ئەمریکا لەناوچەکەدا ئێران بە پاڵپشتی و هاوکاریکردنی تیرۆر تۆمەتبار دەکات، بەحوکمی ئەوەی عێراق کەوتۆتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە، ئەوا زۆربەی وڵاتانی عەرەبییش کە ترسیان لە پڕۆژەی هیلالی شیعە هەیە، هەمان بیروبۆچوونیان بەرامبەر ئێران هەیە**

**ریفراندۆم و سەربەخۆبوون بووە پڕۆژەیەکی جددی و ستراتیژیی لەناو عەقڵییەتی هەموو کوردستانییەکان و حزبەکان و دامودەزگاکانی، لەمەودواش کەس ناتوانێت بەرنامەو داخوازیی کەمتری هەبێت**



## جۆشوا لاندیز

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆکلاهۆما بۆ گوڵان:

# دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە فاکتەری سەقامگیریی زیاتر لەمەودای دووردا

جۆشوا لاندیز تایبەتمەندە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شارەزای کاروباری سووریایە، بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کۆمەڵگە و کەلتوور لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناکۆکیی عەرەب - ئیسرائیل. بۆ لێکدانەوەی ئەو تەحەددی و تەنگژانەی ڕووبەڕووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەتەوە، هەروەها بۆ شرۆڤەکردنی چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵام پرسیارەکانی داینەوە.



*** هەروەك ئاشكرایە لە ئێستادا چەندین پەرەسەندن و پێشهات لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدەن و دەگوزەرێن، دواییینیان بریتی بوو لەو تەنگژە سیاسی و دپیلۆماسییەی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی كەنداودا هاتەئاراوە، بۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- تەنگژەكەی كەنداو، ئەمریكا لە ئامانجەكەی دووردەخاتەوە كە شەڕكردنە لەدژی داعش، بەدڵنیاییەوە سوپای ئەمریكا بە قووڵی بەشدارە لەم شەڕەدا، هەم لە موسڵ و هەم لە رەققە، بەڵام لە دەرئەنجامدا ئەم تەنگژەیە نابێتە بەربەستێك لەبەردەم ئەو شەڕەی لە ئێستادا دەگوزەرێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە پلانی درێژخایەن و دوورمەوداوە، پلانی پشتبەستن بە هێزەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز دەكات. واتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی

**پشتیوانیی ئەمریکا نەبووایە کورد لە پێگەیەکدا نەدەبوو بتوانێت ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدات، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمریکا خوازیاری پاراستنی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ عێراق و تورکیا، لەبەر ئەوە رایناگەیەنێت کە لەگەڵ سەربەخۆیی کورددایە**

**ئەمریکا لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا کاری کردووە لە ساڵی ١٩٩١دا و تەنانەت لە نەوەتەکان بناغەی سەربەخۆیی کوردی دارِشت لە رێی سەپاندنی ناوچەی دژەفڕینەوە، دواتر هاوکار بوو لە دارِشتنی دەستوورێک بۆ عێراق کە خۆبەڕێوبەرییەکی بەرفراوانی بۆ کورد دەستەبەرکرد**

سوننەدا دابەشبوونێکی زۆر و یەکڕیزییەکی کەم هەیە، ئەمەش وادەکات زەحمەت بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی ناوچەکە پشتیان پێ ببەسترێت، چونکە هاوڕا نین لەسەر ئەوەی کێ تیرۆریستە و کێ پشتیوانی تیرۆریستان دەکات و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر چین. هەرچۆنێك بێت، ئاشکرایە ئەمریکا هەنگاوهەڵدەگرێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە، بەڵام زۆر کەس لە ئەمریکا رەخنە لە فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە سعودیە و بەشداری ئەمریکا لە شەڕی یەمەن — کە نەهامەتیی و ناهەموارییەکی زۆری لێکەوتەوە- و دیارینەکردنی ئامانجی کۆتایی لە شەڕی سووریادا، دەگرن.

*** ئایا پێتوایە سەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ بۆ سعودیە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی سعودیە پتر متمانەی بەخۆی هەبێت و هەڵوێستی یەکلاکەرەوە بگرێتەبەر بە چەشنی ئەوەی لەگەڵ قەتەردا بینیمان؟**

- بە دڵنیاییەوە، پشتیوانی ترەمپ لە سعودیە بووە هۆی ئەوەی سعودیە پێگەیەکی بەهێزتری هەبێت بۆ دیسپلینکردنی قەتەر.

*** ئایا پێتوایە ئەم تەنگژە و ناکۆکییەی لە نێو وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداودا دروست بووە بە سوودی ئێران دەشکێتەوە؟**

- بەڵێ راستە، هەروەها ئێمە لە رۆژانی دواییدا بینیمان کە هێزە عێراقییەکان و هێزە سوورییەکان گەیشتنە سەر سنووری سووریا و لە راستیدا چواردەوری هێزەکانیان لە تەنەف گرتووەو کار لەسەر جێبەجێکردنی پلانێك دەکەن بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی سووریا و خستنەوە ژێردەستی ئەسەد. ئێمە دەزانین ئەمریکا رایگەیاندووە کە دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە، بەڵام پێدەچێت ستراتیژییەتی ئەمریکا لە زۆربەی ناوچەکەدا بریتی بێت لە هاوکاریکردن و چەکدارکردنی سوپا و میلیشیا پرۆ ئێرانییەکان بۆ گرتنەوەی ئەو خاکانەی لەژێر دەستی داعشدان، ئەمەش دژیەکییەکی گەورەیە لە سیاسەتی ئەمریکا. تاوەکو ناکۆکی قەتەر و سعودیەش درێژە بکێشێت، ئەوا چارەسەرێکی بۆ ئەو دژیەکییە لە سیاسەتدا نایەتەئاراوە، ئەمەش هەلومەرجێکی دروستکردووە کە سوپای ئەمریکا هاوکار بێت لە تێکشکاندنی داعشدا، بەڵام دواتر لە دۆخێکدا دەبێت کە دەست بە کشانەوە بکات لە ناوچەکەدا، بەلای کەمەوە لە خاکی سووریادا. بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێران و پشتیوانانی ئێران لە ناوچەکەدا دەشکێتەوە کە دەتوانێت دەست بەسەر ئەو خاکانەدا بگرن کە چیتر لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدا نەماون. بە دڵنیاییەوە کوردیش، کە ئەمریکا پشتیوانیان لێدەکات، ئەوانیش بەشێکی زۆر خاکی ئەو وڵاتە دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. پرسیاری گەورە لە پەیوەندی بە سووریاوە ئەوەیە ئایا چۆن رژێمی ئەسەد و یەپەگە پێکەوەکار دەکەن، ئایا پێکەوە دەست بە گفتوگۆ دەکەن، یاخود دوچاری شەڕ دەبنەوە لەگەڵ یەکتردا بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا، ئێمەش وەڵامی ئەم پرسیارە نازانین. لە رووی تیۆرییەوە دەبێت ئەمریکا رۆڵی هەبێت لەم پرسەدا، بەڵام ئێمە نازانین بە راستی ئەو رۆڵی چییە، چونکە ئێمە هیچ سیاسەتێکمان نەبینیوە کە لەلایەن ئیدارەی ئێستاوە گوزارشتی لێکرابێت لەم بارەیەوە. راستە ئەوان زۆر باسی رەققە دەکەن، بەڵام هیچ پلانێکیان نییە بۆ دوای رزگارکردنی رەققە، چونکە هەر کاتێك شەڕی رەققە کۆتایی هات، دەبێت سەرکردەکانی ئەمریکا کۆببنەوە و بڕیار بدەن هەنگاوی داهاتوویان چی دەبێت، بەڵام تاوەکو ئەم ساتەوەختەش ئەوان نازانن ئەو هەنگاوانە چی دەبێت، یاخود بەلای کەمەوە گوزارشتیان لێ نەکردووە. کەواتە ئێمە نازانین چی لە دەیرەزور و چی لە ئەبو کەمال و لە تەواوی دۆڵی فوراتدا روودەدات.

*** ئایا پێتوایە سەقامگیرکردنەوەی دۆخەکە لە دوای شەڕ و زەمینەسازکردنی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی لە عێراق و سووریادا پێویست بەوە دەکات بەشێك لە هێزەکانی ئەمریکا لەم دوو وڵاتە بمێننەوە؟**

- لە راستیدا ئێمە نازانین، بەڵام مەزەندەی ئەوە دەکەم بەشێکی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچە کوردییەکانی سووریا بمێننەوە. بە رەچاوکردنی ئەوەی لە درعا روودەدات، ئەوا

ئەمریکا بڕیارێک نادات کە قابیلی گۆڕین و پێچەوانەوەکردنەوە نەبێت. پێموایە زۆرێک لە مەسەلەکان بەندە بەوەی تا چەند رووسیا و موعارەزە پابەندن بە درێژەدان بە شەڕەکەوە. ئەگەر موعارەزەی سووری بتوانێت بەر بە پێشڕەویی هێزەکانی سووریا بگرێت، ئەوا لەو باوەڕەدام کە ئەمریکا هاوکاریان بێت، بەڵام ئەگەر نەتوانن ئەم کارە بکەن، ئەوا پێموانییە ئەمریکا بتوانێت لە بری ئەوان بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆ بگرێت.

*** هەروەک ئاشکرایە بارودۆخەکە لە عێراق و سووریادا بەچەشنێك ئاڵۆگۆڕیان بەسەردا هاتووە کە ناکرێت جارێکی دیکە بیر لەوە بکرێتەوە کە بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی رابردوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینی دەکەن لەوەی حوکمڕانییەکی نامەرکەزی، یان تەنانەت دابەشبوونیش لەم دوو وڵاتەدا رووبدات، ئایا ئەمە رێی تێدەچێت؟**

- بە دڵنیاییەوە لە ناوچە کوردییەکەدا رێی تێدەچێت، مایەی سەروسوڕمانێکی زۆر دەبێت بۆ من ئەگەر حکومەتی سووریا ناوچە کوردییەکان داگیربکاتەوە، چونکە لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمریکا بێلایەن بێت، ئەمە زۆر دژوار دەبێت بەتایبەتی دوای ئەوەی کورد ئەو کەلوپەلە سەربازییە نوێیانەیان لە ئەمریکا وەرگرت. هەروەها دیار نییە ئایا رووسیا پشتیوانیی ئەسەد دەکات، ئەگەر هاتوو هەنگاوێکی لەم چەشنەی هەڵگرت، چونکە رووسیا پشتیوانی لەوە کرد کە کورد و رژێمی ئەسەد لە رێی گفتوگۆوە بگەنە رێککەوتن. بەڵام ئەگەر بێتوو رژێمی سوریا رایبگەیەنێت کە خوازیاری گفتوگۆ نییە و دەیەوێت شەڕیان لە دژ بەرپا بکات، ئەوا هەڵوێستی رووسیا دیار نییە چی دەبێت. واتە ئێمە نازانین چی روودەدات، هێشتا خەڵکانێکی زۆر هەن لە سووریا کە پێیانوایە سوپای سووریا بەرەو ناوچە کوردییەکان پێشڕەوی دەکات و بە رەوتێکی خێرا تێکیان دەشکێنێت، بەڵام باوەڕکردن بەمە زەحمەتە بەلای منەوە.

*** ئایا رێی تێدەچێت رووسیا و ئەمریکا بگەنە جۆرێک لە تێگەیشتنی هاوبەش بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی سووریا و رێگاخۆشکردن بۆ چارەسەرێکی سیاسی لەو وڵاتەدا؟**

- نەخێر، من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمریکا رازی بێت بە داخوازییەکانی رووسیا، چونکە داخوازیی رووسیا ئەوەیە ئەسەد کۆنترۆڵی سووریا بکات و سووریا بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. راستە ئەمریکا بە توندی بەرهەڵستی ئەمە ناکات، بەڵام بە ئاشکراش پشتیوانی لێناکات. پێموایە ئەمریکا تەفزیلی ئەوە دەکات بەردەوام بێت لە سەرزەنشتکردنی ئەسەد وەك کەسێکی دیکتاتۆر و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و هێزێکی پرۆئێرانی و پرۆحزبوڵڵا و پشتیوانکار لە تیرۆریزم، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، کارێکی زۆر ئەنجام نادەن بۆ بەرهەڵستیکردنی. کەواتە ئەم هەڵوێستە ئاشکرایەی ئەمریکا بە رەتکردنەوەی رەفتارەکانی ئەسەد رێگر دەبێت لە گەیشتن بە چارەسەرێکی راستەقینەی سیاسی لەگەڵ رووسیادا، لەبەر ئەوەی ئەو چارەسەرە سیاسییە راستەقینەیە ئەوە لە ئەمریکا دەخوازێت کە ئەسەد قبووڵ بکات و سزاکانی سەری هەڵگرێت و دەست هەڵگرێت لەوەی بە ئاشکرا کار لەسەر گۆڕینی رژێمی سووریا بکات. منیش دڵنیا نیم لەوەی ئەمریکا ئەم کارە بکات، چونکە ئەمریکا خۆی پابەند کردووە بەوەی دەبێت ئەسەد دەسەڵات جێبهێڵێت، ئەگەر لە ئێستاشدا نەبێت ئەوا لە ئایندەدا. واتە هەر چارەسەرێك بەند دەبێت بەوەی ئەسەد دەسەڵات جێبهێڵێت، بەلای کەمەوە رووسیا ناچاری بکات بەوەی لە ماوە چوار بۆ پێنج ساڵدا ئەم کارە بکات، نەك ئەوەی بۆ هەمیشە وەك دیکتاتۆرێك قبووڵ بکرێت، من وای نابینم ئەمریکا وەك دیکتاتۆرێکی هەمیشەیی قبووڵی بکات و ئەوەش بەدی ناکەم رووسیا ناچاری بکات دەسەڵات جێبهێڵێت.

*** چۆن لە پێگەی تورکیا دەڕوانیت، ئایا پێتوایە هیچ دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکی لە رەوتی پەرەسەندنەکاندا هەبێت؟**

- تورکیا کاریگەرییەکی زۆر هەیە، سنووری کراوەی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی ژێردەستی یاخیبووانـدا، ئیدی ئەو یاخیبووانە وەکیلی تورکیان، یان گرووپێکی وەك (هیئة تحریر الشام) یان ئەلقاعیدەن کە پشتیوانیان لە

**لە کاتێکدا کە رووسیا و ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە ناوچەکەدا زیاتر دەکەن، لە عێراق و سووریا و تورکیا و لوبناندا، ئەوا ئەمریکا کورد وەک هاوپەیمانێکی گرنگ دەبینێت لە ناوچەیەکدا کە زۆر مەیلی بۆ ئەمریکا نییە**

**زۆر کەس کە لە واشنتۆن تێڕوانینێکی باشیان لەبارەی کوردەوە هەیە، هەندێکیان لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا کاریان لەگەڵ کورد کردووە لە شوێنێکی وەک عێراقدا، تێڕوانینی ئەوان ئەوەیە کورد موسڵمانێکی رۆشنگەرن و باوەڕیان بە ئوسوولگەرایی نییە**

**هەرچەندە لە بەرژەوەندی رژێمی سووریایە کە کەمینەکانی وڵاتەکەی وەک هاوپەیمان بهێڵێتەوە، بەڵام ئەوە زەحمەتە بە ئاشکرا خۆبەڕێوبەری کورد رابگەیەنێت**

**دەبێت ئەمریکا و رووسیاش ئاگادار بن کە ئەوەندە لێکدوور نەکەنەوە کە تورکیا بتوانێت زیان بە هەردووکیان بگەیەنێت**

**ئەمریکا بەردەوام بێت لە سەرزەنشتکردنی ئەسەد وەک کەسێکی دیکتاتۆر و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و هێزێکی پرۆئێرانی و پرۆحزبوڵا و پشتیوانکار لە تیرۆریزم**

رێـی سـنووری تورکیـاوە پێبـگات، ئەمـەش دەسترۆیشـتوویيەکی زۆر بـۆ تورکیـا دەسـتەبەر دەکات. بە دڵنیاییەوە ئەسەد و تورکیا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە کە بریتییە لە سنووردارکردنی تمووحی کورد، کەواتە مەسەلەگەلێکی زۆر هەن بۆ ئەوەی تورکیا و ئەسەد گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، رەنگە ئاڵوگۆڕەکە بەو شێوەیە بێت کە ئەگەر تورکیا دەستی لە پشتیوانیی گرووپە یاخیبووەکان هەڵگرت، ئەوا ئەسەدیش دەست لە پاڵپشتیی کورد بەردەدات، بەڵام من نازانم ئایا دەگەنە رێککەوتن و چارەسەرێك یان نا.

*** بەڵام ئێمە دەزانین کە بەرژەوەندییەکان، یان تێڕوانینی تورکیا و ئەمریکا لە ئاست دۆخی سووریا و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردی ئەو وڵاتەوە جیاواز، یان ناکۆك بەیەکن، خوێندنەوە و بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من لەو باوەڕەدانیم تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بپچڕێنێت، ئەگەرچی زۆر نائاسوودەشە بەرامبەر ئەمریکا، پێموایە ئەوپەڕی هەوڵی تورکیا لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە کار لەسەر سنووردارکردنی پشتیوانیی ئەمریکا بۆ کورد بکات و دژواری بۆ ئەمریکا و ناوچە کوردییەکە دروست بکات و رەنگە هاوکاری رژێمی ئەسەد بکات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کورددا، هەموو ئەمانە بۆی هەیە ببنەهۆی ئەوەی ئەمریکا هەندێ لە سەربازەکانی لە ناوچەکە بکشێنێتەوە لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە. من باوەڕم وا نییە کە تورکیا لە دژی ئەمریکا هەڵگەڕێتەوە. ئێمە دەزانین تورکیا لەگەڵ ئەوەدا نییە کە رووسیا دەیکات، بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەسەد و لەگەڵ شێوازی مامەڵەی ئەمریکاشدا نییە لەبەرامبەر کورددا، لەبەر ئەوە دەبێت تورکیا کار بکات لەسەر ئەوەی رووسیا و ئەمریکا لە دژی یەك بەکار بهێنێت بۆ بەرفراوانکردنی دەستکەوتەکانی خۆی، کە ئەوەش بارودۆخێکی دژوار و سەختە و لە سوودی تورکیا نییە. هەروەها دەبێت ئەمریکا و رووسیاش ئاگادار بن کە ئەوەندە لێکدوور نەکەونەوە کە تورکیا بتوانێت زیان بە هەردووکیان بگەیەنێت.

*** ئەی بۆچوونتان لەبارەی ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریا لە رێی گفتوگۆوە چییە؟**

- لە راستیدا من هیوادارم ئەو پرۆسەیە بەم شێوەیە بەڕێوەبچێت، بەڵام زۆر گەشبینیش نیم، لەبەر ئەوەی شەڕێکی زۆر روویداوە لەم وڵاتەدا و ئێمە دەزانین کە ئەسەد ناوبانگێك باشی نییە لە پەیوەندی بە گفتوگۆکردنەوە، هەرچەندە لە بەرژەوەندی رژێمی سووریایە کە کەمینەکانی وڵاتەکەی وەك هاوپەیمان بهێڵێتەوە، بەڵام ئەوە زەحمەتە بە ئاشکرا خۆبەڕێوبەری کورد رابگەیەنێت، رەنگە ناچار بکرێت کە ئەو کارە بکات و ئەویش لەو راستیە تێگەیشتووە کە ناتوانێت بە چەشنی رابردوو ئەو ناوچانە داگیربکاتەوە. لەبەر ئەوە پێموایە بۆ ماوەیەکی زۆری دیکەش پەیوەندییەکان بە بارگرژی دەمێننەوە. لەلایەکی دیکەوە کورد پێیوایە ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە و ئەوان قوربانییەکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی بگەنە ئەم رۆژە و لەو باوەڕەدا نیم کە ئامادەبن دەستبەرداری ئەو خۆبەڕێوبەرییە بن کە بەدەستیان هێناوە.

*** چۆن لە پەیوەندی ئەمریکا و کوردی سووریا دەڕوانیت، بە تایبەتی دوای ئەوەی بەم دواییە یەکێك لە بەرپرسەکانی ئیدارەی ئەمریکا باسی لەوە کرد کە ئەوە تەنیا پەیوەندییەکی کاتی و تاکتیکییە؟**

- ئەمریکا دەیەوێت بڵێت، ئەوە تەنیا پەیوەندییەکی تاکتیکییە و رەنگە ئەوە قەناعەتی ئەوان بێت، بەڵام پێموایە ئەگەری زۆرە بە تێپەڕبوونی کات ئەم پەیوەندییە قووڵ ببێتەوە، زۆر کەس کە لە واشنتۆن بایەخ بەم پرسە دەدەن، تێڕوانینێکی باشیان لەبارەی کوردەوە هەیە، هەندێکیان لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا کاریان لەگەڵ کورد کردووە لە شوێنێکی وەك عێراقدا، تێڕوانینی ئەوان ئەوەیە کورد موسڵمانێکی رۆشنگەرن و باوەڕیان بە ئوسوولگەرایی نییە و ئەمریکاش هاوکاری کوردی کردووە لە باکووری عێراق و لە دروستکردنی زانکۆدا، واتە پەیوەندییەکی باش هەیە لە نێوان داڕێژەرانی سیاسەت لە ئەمریکا لەگەڵ کورددا، راستە لە ئێستادا ئەوە نەبۆتە سەرمەشقی پەیوەندییەکان، بەڵام هەرچۆنێك بێت بوونی هەیە و لەئارادایە.

بارگرژبوونی پەیوەندیی ئەمریکاش بە جیهانی عەرەبییەوە هاوکارە بۆ کورد، هەروەها لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر داعش باڵادەست بوو لە ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئەوا ئەمریکا، کورد بە بەربەستێکی گرنگ دەزانێت لەبەرامبەر ئوسوولگەرایی ئیسلامیی. لەلایەکی دیکەوە بێ متمانەییەکی قووڵ هەیە لە ئەمریکادا لە ئاست تورکیا، زۆرێك لە یاسادارێژەرانی ئەمریکا، تورکیا بە شەریکێکی جێ متمانە بۆ ئەمریکا نازانن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی مەیلی ئەوەیان بۆ دروست بێت کە هەڵبستن بە پاراستن و قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ کورددا، لەبەر ئەوەی متمانە بە حکومەتە عەرەبییەکان ناکەن و متمانە بە حکومەتی تورکیاش ناکەن. پێموایە پەیوەندییەکانی تەواوی ناوچەی کوردی لە عێراق و سووریا لەگەڵ ئەمریکادا زیاتر و زیاتر گرنگی بەدەست دەهێنن و ئەمەش دەستڕۆیشتوویی دەستەبەر دەکات لەبەرامبەر تورکیا و هەروەها جیهانی عەرەبیدا، واتە لە کاتێکدا کە رووسیا و ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە ناوچەکەدا زیاتر دەکەن، لە عێراق و سووریا و تورکیا و لوبناندا، ئەوا ئەمریکا کورد وەك هاوپەیمانێکی گرنگ دەبینێت لە ناوچەیەکدا کە زۆر مەیلی بۆ ئەمریکا نییە.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی ئەمریکا دەڕوانن لە ئاست کوردی عێراقدا؟**

- ئەمریکا سیاسەتێکی دژبەیەکی هەیە لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا کاری کردووە لە ساڵی ١٩٩١دا و تەنانەت لە نەوەتەکان بناغەی سەربەخۆیی کوردی دارشت لە ڕێی سەپاندنی ناوچەی دژەفڕینەوە، دواتر هاوکار بوو لە دارشتنی دەستوورێك بۆ عێراق کە خۆبەڕێوبەرییەکی بەرفراوانی بۆ کورد دەستەبەرکرد. ئێستاش هەنگاوی هاوشێوە لە سووریا هەڵدەگرێت، کەواتە پشتیوانیی ئەمریکا نەبووایە کورد لە پێگەیەکدا نەدەبوو بتوانێت ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدات. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمریکا خوازیاری پاراستنی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ عێراق و تورکیا، لەبەر ئەوە رایناگەیەنێت کە لەگەڵ سەربەخۆیی کورددایە، بەڵام ئەگەر کورد سەربەخۆ بوو، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵیاندا ناپچڕێنێت، ئەمریکا دەیەوێت بە وریاییەوە هەنگاوهەڵبگرێت لەم کێڵگەی مینەدا، بەڵام ئەمریکا لە هەموو لایەکی دیکە زیاتر هاوکار بووە لە دروستکردنی ئەو کێڵگەی مینەدا و لۆژیکی راستەقینەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا ئەوەیە هەرێمێکی سەربەخۆیی کوردی هەبێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە تورکیا ئەوەندە ترسی لێنیشتووە کە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە دەست بدات.

*** کەواتە هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەبێتەهۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا زیاتر بێت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەقامگیری زیاتر بەخۆوە ببینێت؟**

- بە باوەڕی من دروستبوونی ئەو دەوڵەتە سەردەکێشێت بۆ سەقامگیریی زیاتر لە مەودای دووردا، پێموایە هێنانەدی خەونە نەتەوەییەکانی کورد گرنگە. کەواتە بەشێکی زۆری مەسەلەکان بەندن بە هاوسەنگییە هەستیارەکەوە لەنێوان سەربەخۆیی کورد و بەرژەوەندی عەرەبدا.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- لەو باوەڕدام کە رژێمەکەی ئەسەد هەوڵدەدات زۆرترین خاکی وڵاتەکەی بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، بەڵام ئێمە نازانین ئایا دەتوانێت هەموو خاکی وڵاتەکە — لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکان- کۆنترۆڵ بکاتەوە، ئەوەش لە بەشێکی زۆریدا دەوەستێتەسەر تورکیا و ئەمریکا. لەلایەکی دیکەوە ئێمە هەندێ پەرەسەندنی ئابووری و هەندێ ئاماژەی ئیجابی و چالاکیی ئابووری بەدی دەکەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەش گەندەڵییەکی زۆری تێدا دەکرێت و کێشەیەکی زۆر لەسەر خاوەندارێتی زەوی دروست دەبێت، بۆ نموونە زۆرێك لەو کەسانەی کە پشتیوانییان لە یاخیبووان دەکرد لە حەما و وڵاتیان جێ هێیشت، دەست بەسەر زەوییەکانیاندا گیراوە، ئەمەش دژوارییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە.

**ڕووسیا پشتیوانی لەوە کرد کە کورد و ڕژێمی ئەسەد لە ڕێی گفتوگۆوە بگەنە ڕێککەوتن. بەڵام ئەگەر بێتوو ڕژێمی سوریا رایبگەیەنێت کە خوازیاری گفتوگۆ نییە و دەیەوێت شەڕیان لە دژ بەرپا بکات، ئەوا هەڵوێستی ڕووسیا دیار نییە چی دەبێت**

**پێدەچێت ستراتیژییەتی ئەمریکا لە زۆربەی ناوچەکەدا بریتی بێت لە هاوکاریکردن و چەکدارکردنی سوپا و میلیشیا پڕۆ ئێرانییەکان بۆ گرتنەوەی ئەو خاکانەی لەژێر دەستی داعشدان**

**لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سوننەدا دابەشبوونێکی زۆر و یەکریزییەکی کەم هەیە، ئەمەش وادەکات زەحمەت بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی ناوچەکە پشتیان پێ ببەسترێت**

# پرۆژەی سەدرییەکان بۆ دوای ئازادکردنی موسڵ

**پرۆژەی موقتەدا سەدر کە لە ٢٠ی شوباتی ٢٠١٧ پێشکەشی کرد و بریتییە لە ٢٩ خاڵ، دژی پرۆژەی زۆرینەی سیاسیی دەوڵەتی یاسایە و رکابەری پرۆژەی زۆرینەی نیشتمانیی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە، ئەم پرۆژەیە لە هەردووکیان باشترە، چونکە مۆرکی نیشتمانی و مەدەنی و تەوافوقی تێدایە**


هەر کە هەڵبژاردنەکان نزیك دەبنەوە ئیدی پرۆژە سیاسییەکانیش زۆردەبن، زۆربوونی ئەو پرۆژانەش بەڵگەی شکستی حزبە سیاسییەکانی حوکمڕانی عێراقە دوای رووخانی رژێم بەتایبەتیش ئەو حزبانەی کە ئایینیان بۆ مەرامی سیاسی قۆستۆتەوە، دوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی مالیکی پرۆژەیەکی زۆرینەی سیاسی پێشکەشکرد، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم پرۆژەی زۆرینەی نیشتمانی پێشکەشکرد، ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە رێگەنەدانە بە حزبە بچووکەکان تا شوێنی گەورەتر لە قەبارەی خۆیان نەگرنەوە، بەڵکو تەرکیز زیاتر لەسەر حزبە گەورەکان بێت، ئەم پرۆژەیە رێگە لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆژەی زۆرینەی سیاسیی دەوڵەتی یاسا دەگرێت، چونکە بوار دەداتە حزبە بچووکەکان کە شوێنی فراوانتر لە خۆیان بگرنەوە، ئەو کاتە حزبە گەورەکان پەراوێزدەخرێن.

بەڵام پرۆژەی موقتەدا سەدر کە لە ٢٠ی شوباتی ٢٠١٧ پێشکەشی کرد و بریتییە لە بیست و نۆ خاڵ، دژی پرۆژەی زۆرینەی سیاسیی دەوڵەتی یاسایە و رکابەری پرۆژەی زۆرینەی نیشتمانیی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە، ئەم پرۆژەیە لە هەردووکیان باشترە، چونکە مۆرکی نیشتمانی و مەدەنی و تەوافوقی تێدایە، رەنگە تێبینیشمان لەسەری هەبێت، پێویستە لایەنە سیاسیەکان پشتگیریی بکەن و سەرنجی لەسەر بدەن تا ببێتە پرۆژەیەکی نیشتمانیی بەهێز، چونکە ئامانج رزگارکردنی عێراقە لەو قەیرانە و ئەو تەنگژە سیاسییەی کە پرۆسەی سیاسیی بە لا رێدا بردووە، رەنگە بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیە بەم رێگا بێ سەروبەرییە هاوبەشانی سیاسیی وا لێ بکات چاوبخشێننەوە بە هەڵوێست و بەشداریی سیاسییان، رەنگە پرۆژەی دیکە پێشکەش بکەن، وەك فیدراڵیی پارێزگای سوننەکان، کە زۆرینەی سوننە لە گوتارە سیاسییەکانیاندا بۆ قۆناخی دوای داعش باسی دەکەن، کوردیش هاندەدات کە کۆنفیدراڵی بخاتە روو، واتا سەربەخۆیی بە شێوەی تەوافوقی لەنێوان بەغداو هەولێر، سەرۆك بارزانی باسی ئەوەی کرد کە بابەتی سەربەخۆیی ناوخۆییە لەنێوان هەولێرو بەغدا، پەیوەندیی بە تورکیاو ئێرانەوە نییە، رێکەوتن کراوە لە هەولێر کە لیژنەیەکی سیاسی پێکبێت بۆ گفتوگۆکردنی ئەو دۆسێیە بە راشکاوییەوە، پێموایە پرۆژەکەی دەوڵەتی یاسا یەکێتیی عێراق تێکدەدات و پرۆسەی سیاسی لەبەین دەبات، لەو حاڵەتەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ بەشداری ناکات، چونکە هیچ پرۆژەیەکی بەدیلی توافوقی سیاسی قبوڵ ناکرێت، لەبەر ئەوەی عێراق دەوڵەتی پێکهاتەو ئایین و نەتەوەکانە، ناکرێ ئەو فرەڕەنگییە بە پاساوی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز تێکبدرێت، دیارە پاساوەکە ئەوەیە کە حکومەتێکی تایفەگەریی مەزهەبی درووست بکرێت و چەند کەسێکیش لە پێکهاتەکانی تێدا بێت کە لە شەقامی عێراقیدا ناسراون و پیاوی دەوڵەتی یاسان، بەڵام پرۆژەی زۆرینەی نیشتمانی مایەی قبوڵە، بەڵام لە راستیدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، لەبەرئەوەی دژایەتییەکی بەهێزی هەیە، دوایە ئەو ئەنجومەنە خەریکە قورسایی سیاسی و جەماوەریی لەدەستدەدات.

بەڵام پرۆژەکەی موقتەدا سەدر رەنگە رێگە لە دابەشبوونی عێراق بگرێت، چونکە زۆرینەی کوردو سوننە پێیان باشە، لە راستیدا دوو دژە هاوپەیمانی لە ئارادان پێش هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، هاوپەیمانیی زۆرینەی سیاسیی مالیکی و هاوپەیمانیی دەوڵەتی مەدەنی کە دژی مالیکین، پرۆژەکەی سەدر پشتگیریی لە دەوڵەتی مەدەنی دەکات، هەروەها سیستانیش پشتگیریی لەو پرۆژەیە دەکات.

با خاڵ بەخاڵ بێینە سەر پرۆژەی سەدرییەکان و کۆمێنت نووسین ئەگەر پێویست بوو:

لە پێشەکی پرۆژەکەدا سەدر دەڵێت: ئەو شتە



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

گرنگانە دەخەینە بەردەستتان، وەك چارەسەری سەرەتایی ئیحتواکردنی ئەو دۆخە ئەمنی و خزمەتگوزاری و مرۆییە بۆ دوای رزگارکردنی ناوچە زەوتکراوەکان بە گشتی و موسڵ بەتایبەتی، بۆ ئەوەی مەترسیی دووربخەینەوەو رێگە بە دوژمنان نەدەین عێراق تووشی هەرەس بکەن، ئەمەش خاڵەکانە:

یەکەم: دەستپێشخەری بۆ کردنەوەی سەندوقێکی نێودەوڵەتی بۆ پشتگیریی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو ناوچە زەرەرمەندەکانی عێراق، نەك تەنیا ناوچە ئازادکراوەکان بە سەرپەرشتیی حکومەت، ئەم خاڵە سوننەی نیگەران کرد، چونکە ئەولەویەت دەبێ بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بێت نەك زیان لێ کەوتووەکان، بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە، ئەم پرۆسەیەش چەندساڵێك دەخایەنێت و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان.

دووەم: پێویستە هاوکاریی پێویست بە خێرایی بە رێگەی سوپای عێراقی بگاتە زیان لێکەوتووانی ئەو ناوچانە، ئەم بڕگەیە تەنیا باسی سوپای عێراق دەکات، چونکە هەندێ میلیشیای چەکدار بە ئاشکرا خراپەکارییان کردووەو یارمەتییان نەگەیاندۆتە زەرەرمەندان.

سێیەم: پێویستە شانەیەکی نێودەوڵەتی پێکبهێنرێت تایبەت بە مافی مرۆڤ و کەمایەتییەکان بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی لابردنی پێشێلکارییەکان و دەستدرێژییەکانی تایفەگەری و ئیتنی بکات بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە حکومی و پەرلەمانییەکان، دیارە بەڵگەی ئەوەیە کە میلیشیا چەکدارەکان تاوانی زۆری نامرۆییان ئەنجامداوە.

چوارەم: پێویستە لیژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ فریاگوزاریی عێراقی بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە مرۆییەکانی وەك مانگی سوور و هی دیکە بۆ گەیشتن بەو شوێنانەی بە راستی مەینەتییان تێدایە.

پێنجەم: پێویستە سوپای عێراق و هێزە ئەمنییەکان بە تەنیا لەو شوێنانە جێگیربن کە رزگارکراون یان لە ناوچە جێناکۆکەکان.

لەم خاڵەدا پڕۆژەکە گرنگی بە سوپای عێراق دەدات و ئاماژە بە حەشدی شەعبی نەکردووە، چونکە لە شەقامی شیعی و سوننی و کوردی ترسێك هەیە لە زیادبوونی هەژموونی حەشدی شەعبی، بەتایبەتیش وتەبێژ بە ناوی کەتائبی خوراسانی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی حەشد دەڵێت: ئێمە پایەندی بڕیارەکانی سەرۆك وەزیران نابین، یەکێکی دیکە دەڵێت: داوا دەکرێت حەشد لە زانکۆکان ئامادەیی زۆری هەبێت، حەیدەر عەبادیش دەڵێت: ٦٠٪ی حەشدی شەعبی بندیوارن، بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادەکراون، بۆیە سەدر لەم قۆناخەی دوای داعش تەرکیز لەسەر سوپای عێراق دەکات، چونکە حەشدی شەعبی لە قۆناخێکی کاتی دامەزراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و لە حەشدێکی سەربازیی میللییەوە بوو بە حەشدێکی سیاسی، رەنگە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ببێتە فراکسیۆنێکی بەهێزی پەرلەمانی عێراق.

شەشەم: پێویستە گفتوگۆیەکی جیددی و کارا لەگەڵ لایەنەکان لە کوردستان دەست پێبکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەر کە سوودی بۆ واقیعی عێراق و گەلەکەی هەبێت و لارییش نییە ئەگەر بە چاودێریی نێودەوڵەتی بێت.

موقتەدا سەدر بە قووڵیی دەرکی بە ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەولێر کردووە، لە راستیدا وەك ناکۆکیی نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆیە، بۆیە داوای ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ کوردستان دەکات، کە داوای نێو دەوڵەتیشی کردووە لەبەر ئەوەیە کە متمانە لە نێوان هەردوو لادا نییە، هەولێر هەمیشە ئامادەیە بۆ گفتوگۆ، سەردانەکانی ئەو شاندانەی کوردستان بۆ بەغدا بەڵگەی جیددییەتی هەولێرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان،

**سەرۆک بارزانی باسی ئەوەی کرد کە بابەتی سەربەخۆیی ناوخۆییە لەنێوان هەولێرو بەغدا، پەیوەندیی بە تورکیاو ئێرانەوە نییە، رێککەوتن کراوە لە هەولێر کە لیژنەیەکی سیاسی پێکبێت بۆ گفتوگۆکردنی ئەو دۆسێیە بە راشکاوییەوە**

کاتێکیش بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان هاتە بەغدا گوتی: هاتووین بۆ چارەسەر، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت کە ئیرادەیەکی بەهێز ناهێڵێت هەردوولادا پێکبێن.

حەوتەم: هەوڵی بەردەوام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەپێناو کۆتاییهێنان بە قەیرانی دەستتێوەردانی تورکیا، لە ڕێی دیبلۆماسی و ڕێچکە دەستووریی و یاساییەکانی دەوڵەت. سەدر بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە دەستتێوەردانی تورکیا کردووە، بەڵام ئاماژەی بە چارەسەریی سەربازی نەکردووە، دەبوو سەدر ئاماژەی بە دەستتێوەردانی ئێرانیشی بکردایە لە عێراق، چونکە لایەنگرانی ئەو پێشتر لە گۆڕەپانی تەحریری بەغدا دروشمی (ئێران بۆ دەرەوە)یان دەگوتەوە، ڕەنگە لەبەرهەندێ هۆکاری لۆژیکی بێت کە سەدر باسی نەکردووە.

هەشتەم: پێویستە کاربکرێت بۆ دانانی ستراتیژییەتێکی تەواو بۆ دۆزینەوەی هەڵی کار بۆ هەموو موجاهیدە قارەمانەکان ئەوانەی شوێن پەنجەیان لە پرۆسەکانی ئازادکردندا دیارە.

نۆیەم: هەوڵی بەردەوام بۆ تێکەڵکردنی چەکدارە پابەندبووەکان لە حەشدی شەعبی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان بە مەرجێ ئەو هێزانە بێلایەنی و هێزی خۆیان بپارێزن ئەویش بە دەرکردنی سیستەمێکی تایبەت.

موقتەدا سەدر لەم بڕگەیەدا ناڕاشکاوانە داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی دەکات بە تێکەڵکردنی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، چونکە بۆتە دەستەیەکی سەربەخۆ و لەژێر فەرمانی سەرۆک وەزیراندایە، بەپێی ئەو یاسایەی تەنیا شیعە دەنگی بۆ دا، دواتر بووە هۆی تووڕەبوونی سوننە، دیارە سەدر دەیەوێت پێش هەڵبژاردنەکان سوننە ڕازی بکات.

دەیەم: لەسەر حکومەتی عێراق پێویستە داوای دەرچوونی هەموو هێزە داگیرکارەکان لە خاکی عێراق بکات، تەنانەت دۆستەکانیش، بۆ پاراستنی هەیبەت و سەروەریی دەوڵەت.

لەم خاڵەدا بە ئاشکرا داوای دەرچوونی هەموو هێزە داگیرکارەکان دەکات بێ جیاوازی، چونکە هەیبەتی دەوڵەتیان ڕووخاندووە و سەروەریی عێراقیان پێشێلکردووە، لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا دەستتێوەردانی دەرەکیی دیارە و میلیشیای چەکداریی لە شەقامەکانی پایتەخت دەبینرێن، هاوکات دوژمنایەتیی عەشایری لە باشوور هەیە.

یازدەیەم: کارکردن بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەلایەن ناوەندە میللییەکانەوە لە ڕیش سپی و پیاوماقووڵ و سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ نەهێشتنی گرژییەکانی تایفەگەری، ئەم بڕگەیە شێوەی بڕگەی سێیەمە، بەڵام بەشداریکردنی لایەنە میللییەکان و سەرۆک عەشیرەتەکانی بۆ زیادکراوە.

دوازدەیەم: پێویستە گفتوگۆی سیاسیی جددی و کارا هەر بەردەوام بێت بۆ پاراستنی یەکێتیی و ئاسایش و سەروەریی عێراق نەك هەر لەسەر ئاستی سیاسی بەڵکو گشتگیرتر.

سێزدەیەم: پێویستە سنوورەکانی عێراق تەنیا لە ڕێی سوپای عێراق و پاسەوانی سنوورەوە بپارێزرێن.

چواردەیەم: کردنەوەی خولی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری لە ناوچە ئازادکراوەکان بۆ نەهێشتنی نیگەرانی و ترس و دوورخستنەوەی فیکریی توندڕۆیی و مەترسیی تایفەگەری و دانانی بەرنامەیەکی تەواوی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بۆ لەناوبردنی هزری توندڕۆیی.

پازدەیەم: کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی سەرتاسەری بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بەپێی ئەم مەرجانە:

أ- نابێت گفتوگۆ تەنیا تایبەت بێت بە چینە سیاسییەکان، بەڵکو دەبێ بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی و میللی بێت و هەموو ئایین و ئایینزاو کەمایەتی و بۆچوونەکان بگرێتەوە بە چاودێریی زانایان، لەم خاڵەدا موقتەدا مەرجێکی تازەی داناوە بۆ گفتوگۆ، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ بە چاودێریی زانایان بێت، پرسیارکە ئەوەیە، ئەو زانایانە کێن؟ بۆیە ئەو زیادەیە پێویست نییە، چونکە زانایان خۆیان دابەشبوونە، هەندێ جار خۆیان هۆکاری پەرتبوونی خەڵکی عێراقن.

ب- بەمەرجێ بەعس و تیرۆر نەگرێتەوە.

ج- نابێ لەسەر بنەماکانی هەڵبژاردنی سیاسی بێت، بەڵکو دەبێ لەسەر بنەمای پێگەی میللی و کۆمەڵایەتی بێت.

شازدەیەم: کۆکردنەوەی چەکی پەرش وبڵاو لە عێراق و رادەستکردنەوەی بە دەوڵەت بە میکانیزمی روون و ئاشکرا لەگەڵ پاراستنی هەیبەتی جیهادو مقاوەمەت، لێرەدا بە ئاشکرا داوای ئەوە دەکات کە چەك تەنیا بە دەست دەوڵەتەوە بێت، چونکە پاشاگەردانییەك هەیە لە بڵاوبوونەوەی لە رادەبەدەری چەك، دیارەی چەکداریش هەیبەتی دەوڵەتی نەهێشتووە کۆمەڵگەی عێراقی دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ کردووە.

حەڤدەیەم: پێویستە کاربکرێت بۆ پاککردنەوەی دەزگای ئەمن لەو کەسانەی کە گوێڕایەڵ نین و دانانی یاسای توند بۆ ئەوەی بێلایەنیی و هەیبەت بۆ سوپاو دامەزراوە ئەمنییەکانی دیکە بگەڕێتەوە، ئەم بڕگەیەش دووپاتکردنەوەیە لە خاڵەکانی پێشوو تایبەت بە پاککردنەوەی دامەزراوەی سەربازی لەو کەسانەی نامۆن یان پەسند نین.

هەژدەیەم: پێویستە دادگایەکی پاکی عێراق لێپرسینەوە لەوانە بگرێتە ئەستۆ کە هاوکاریی داعشیان کردووە، ئەویش بە دوورکەوتنەوە لە سزای بێ بنەما و خراپەکاریی هەواڵدەری نهێنی.

**پرۆژەکەی موقتەدا سەدر رەنگە ڕێگە لە دابەشبوونی عێراق بگرێت، چونکە زۆرینەی کوردو سوننە پێیان باشە، لە راستیدا دوو دژە هاوپەیمانی لەئارادان پێش هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، هاوپەیمانیی زۆرینەی سیاسیی مالیکی و هاوپەیمانیی دەوڵەتی مەدەنی کە دژی مالیکین، پرۆژەکەی سەدر پشتگیریی لە دەوڵەتی مەدەنی دەکات**

**موقتەدا سەدر بە قووڵیی دەرکی بە ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەولێر کردووە، لە راستیدا وەک ناکۆکیی نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆیە، بۆیە داوای ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ کوردستان دەکات، کە داوای نێودەوڵەتیشی کردووە لەبەر ئەوەیە کە متمانە لە نێوان هەردوو لادا نییە، سەردانەکانی ئەو شاندانەی کوردستان بۆ بەغدا بەتەنگەی جددییەتی هەولێرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

نۆزدەیەم: لەسەر حکومەت و وەزارەتی داد بەتایبەتی پێویستە بە وردیی چاوبخشێننەوە بە دۆسێی دەستگیرکراوانی بێ تاوان و لێپرسینەو لە تیرۆریست و گەندەڵکارو جیاوازیش نەکەن لەنێوان تایفەیەك و یەکێکی دیکە، لەو دوو برگەیەدا داوای دوورخستنەوەی دادگا دەکات لە سیاسەت، چونکە دادگای عێراقی بەسیاسیکراوە، بۆ نموونە هاووڵاتیی عێراقی لەجیاتی دادگاکانی حکومەت پەنا بۆ دادگاکانی عەشایری دەبات، کارەسات لەوەدایە تەنانەت دادگای فیدرالیش لە سیاسەت رزگاری نەبووە.

بیستەم: داخستنی هەموو بارەگاکانی میلیشیا چەکدارەکان یان گۆڕینیان بۆ دامەزراوەیی رۆشنبیریی مەدەنی یان کۆمەڵایەتی یان مرۆیی، لەم خاڵەدا بە هێمنی داوای لەناوبردنی دیاردەی چەکداری دەکرێت، هەروەها گۆڕینی بارەگاکان بۆ مەڵبەندەکانی رۆشنبیری.

بیست و یەکەم: بێ گومان دۆخی سیاسیی ناوچە ئازادکراوەکان پێویستی بە هەڵوەستەیەکی جیددی هەیە بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو ناکۆکییەکان و دوورخستنەوەی هاوکارانی تیرۆر بەم شێوەیە:

أ- پێکهێنانی لیژنەگەلێکی ئەهلی و عەشایری کە بایەخ بە خزمەتکردنی خەڵك بدەن.

ب- کارکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرەتایی ناوخۆیی.

ج سەرپەرشتیکردنی نێودەوڵەتیی پرۆسەی سیاسی لەو ناوچانەدا.

بیست و دووەم: کردنەوەی دەرگاکان لەبەردەم کۆمپانیا وەبەرهێنەرە بیانییەکان بۆ بنیادنانەوەی ژێرخان بەپێی یاسای وەبەرهێنانی نیشتمانی.

بیست وسێیەم: پێویستە دەست لە کاروباری دەوڵەتانی دراوسێ وەرنەدرێت لە هەموو روویەکەوە، هەروەها دەستتێوەردانی ئەو دەوڵەتانەش قبوڵ نییە.

بیست وچوارەم: ناردنی شاندە عەشایرییەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی ئەو گرژییە تایفەگەرییە نەمێنێت.

بیست و پێنجەم: پێویستە کاربکرێت لەسەر بڕیاردان لە ستراتیژییەتێکی روونی میدیای نیشتمانی بە هەموو ئاستەکانییەوە بە شێوەیەك کە گیانی نیشتمانی لەنێوان هەموو گەلی عێراق بڵاوبکاتەوە. چونکە ئێستا میدیایەکی عێراقی نیشتمانی لەئارادا نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە میدیای تایفەگەری یان حزبییە، تەنانەت ئەو میدیایەی بە ناوی حکومەتیشە پیشەیی و نیشتمانی نییە، بەڵکو پشتگیریی لایەنێکی دیاریکراو دەکات.

بیست و شەشەم: پێویتسە لێکۆڵینەوە لە پرسی کەوتنی موسڵ و کوشتارگەی سپایکەر تەواوبکرێت و ئەنجامەکانیش بۆ رای گشتی لەگەڵ چەند پرسێکی دیکە ئاشکرابکرێن، ئەم خاڵە و چەند خاڵێکی دیکە دەوڵەتی یاسایان وا لێکرد کە ئەم پڕۆژەیە بە تەواوی رەتبکاتەوە، دەتوانرێ گفتوگۆ لەسەر ئەم پڕۆژەیە بکرێت ئەگەر رەوتی سەدر بێتەوە نێو هاوپەیمانیی نیشتمانی، چونکە رەوتی سەدر لە دەرەوەی پۆلەکە دەخوێنێ، پێموایە کە رەوتی سەدر لە هاوپەیمانییەکە چۆتە دەرەوە و ناگەڕێتەوە، بۆیە هەر جارێ سەدرییەکان بیانەوێت دەوڵەتی یاسا ئیحراج بکەن باسی کوشتارگەی سپایکەرو کەوتنی موسڵ دەکەن، چونکە مالیکی هۆکار بوو بۆ کوشتنی ١٧٠٠ گەنج بە دەستی داعش لە سەربازگەی سپایکەری نزیك تکریت، هەر ئەویش لەپشت کەوتنی موسڵ بوو بەپێی راپۆرتی لیژنەی پەرلەمان تایبەت بەم بابەتە.

بیست و حەوتەم: پێویستە میکانیزمێکی حکومی بدۆزرێتەوە بۆ ئەرشیفکردنی تاوانەکانی تیرۆر.

بیست و هەشتەم: کارکردنی جیددی لەسەر ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و لابردنی هەموو لەمپەرێك کە رێگە لەم کارە دەگرێت.

بیست و نۆیەم: پێشنیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری کەمایەتییەکان لە عێراق.

لە کۆتاییدا کاتێ بەراورد دەکەین لەنێوان هەر سێ پڕۆژە (پڕۆژەی زۆرینەی سیاسی، پڕۆژەی زۆرینەی نیشتمانی، پڕۆژەی سەدرییەکان) دەبینین کە دوا پڕۆژە لە واقیعەوە نزیکترە، بۆ دۆخی عێراق گونجاوترە، هەروەها لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگەی عێراق یەکدەگرێتەوە، هەرچەندە ئەو سێ پڕۆژەیە هەموویان لەلایەن چینێکی سیاسیی شیعەوە پێشکەشکراون، چینی سیاسیی سوننە پڕۆژەو دیدوبۆچوونی خۆی هەیە، کوردیش پڕۆژەو دیدو بۆچوونی خۆی هەیە، لە راستیدا ئەم پڕۆژانە پڕۆژەی هەڵبژاردنن، بەخێرایی لەبەین دەچن و دەبنە مەرەکەبی سەر کاغەز، بۆیە ئەم چەند ساڵەی رابردوو بەس بوو بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی بەهێزی راستەقینە کە خزمەتی هاووڵاتیان بکات، بۆیە پێموایە کە ترسێکی راستەقینە لە لایەن چینی سیاسیی حوکمڕان لە عێراق هەیە بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکان، بەڵکو بە تەواوی لەناویان دەبات، ئەو کاتە دەکرێ دەوڵەتێکی مەدەنیی راستەقینە بنیادبنرێت کە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی عێراق، رەنگە جارێکی دیکەش هەڵبژێردرێنەوە، ئەو کاتە مەینەتییەکانی خەڵکی عێراق بەردەوام دەبن کە شایانی ئەمەن، چونکە هەر ئەوان جارێکی دیکە ئەم چینە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەڵدەبژێرنەوە و دەبێ تەنیا گلەیی لە خۆیان بکەن.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**هەر جارێ سەدرییەکان بیانەوێت دەوڵەتی یاسا ئیحراج بکەن، باسی کوشتارگەی سپایکەرو کەوتنی موسڵ دەکەن، چونکە مالیکی هۆکار بوو بۆ کوشتنی ١٧٠٠ گەنج بە دەستی داعش لە سەربازگەی سپایکەری نزیک تکریت، هەر ئەویش لە پشت کەوتنی موسڵ بوو بە پێی راپۆرتی لیژنەی پەرلەمان تایبەت بەم بابەتە**

**موفتەدا ناڕاشکاوانە داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی دەکات بە تێکەڵکردنی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، چونکە بۆتە دەستەیەکی سەربەخۆ و لەژێر فەرمانی سەرۆک وەزیراندایە، بە پێی ئەو یاسایەی تەنیا شیعە دەنگی بۆ دا، دواتر بووە هۆی تووڕەبوونی سوننە، دیارە سەدر دەیەوێت پێش هەڵبژاردنەکان سوننە رازی بکات**

## زەڵاڵ چەچان

### ئەندامی پێشووی کۆنگرەی پەکەکە بۆ گولان:

# رفاندن و چەکدارکردنی کوڕ و کچی هەرزەکار نەریتێکی کۆنی پەکەکەیە ئەمەش هۆکاری ئەوەیە رۆژئاوا بە تیرۆریست ناوی دەبات

**خاتوو زەڵاڵ چەچان لەتەمەنی حەوت ساڵانەوە لە ریزەکانی پەکەکە بووەو یەکێکە لە ئەندامانی پێشووی پەکەکەو لەدامەزراندنی یەپەشەوە لە قەندیل ئەندامی کۆنگرە بووە، لەماڵباتەکەی ١٠ شەهیدیان هەیە کە یەکێکیان خوشکەکەی بووە، لەساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٤ کاری سیاسی کردووە. ئەم ئەندامەی پەکەکە رەخنەیەکی توند لە پەکەکە دەگرێت و پێیوایە سیاسەتەکانی ئەو حزبە وایکردووە ژمارەیەکی زۆری کورد واز لە پەکەکە بهێنن و لە ریزەکانی سوپای تورکیا کاری سەربازی بکەن، چونکە وەك خۆی باسیدەکات، لەدوای دوورکەوتنەوەی پەکەکە لە هێڵی نیشتمانی و نەتەوەیی، کەسانی شۆڕشگێڕ بە مانەوەیان لەناو ریزەکانی پەکەکە هەست بەخیانەت دەکەن، ئەم پرسەو چەند بابەتێکی دی، ناوەڕۆکی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گولان لەگەڵ خاتوو زەڵاڵ چەچان دەخاتەڕوو.**

*** ئەمرۆ لەهەموو کات زیاتر کورد پێویستی بە یەکریزی و یەکدەنگی هەیە، بەڵام پەکەکە دژایەتیی ئەم یەکدەنگی و یەکڕیزییە دەکات، بگرە دوور لەهەستی نیشتمانی و نەتەوەییەوە لە کوردستانی باشوور هەڵسوکەوت دەکات، ئایا پەکەکە بۆچی دەستبەرداری ئەم هەڵانەی نابێت؟**

- لەپاش دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، پەکەکە بەرنامەی خۆی لە سەربەخۆیی کوردستان بۆ دەوڵەتی تورکیای دیموکراتی گۆڕی، بەمەش ژمارەیەکی زۆری شەرڤان و سیاسەتمەدارو لایەنگرانی پەکەکە دەستبەرداری ئەو حزبە بوون، چونکە دوای دوورکەوتنەوەی پەکەکە لە هێڵی نیشتمانی و نەتەوەیی کەسانی شۆڕشگێڕ ناتوانن درێژە بەکاری خۆیان بدەن و بەمانەوەیان لەناو ریزەکانی پەکەکە هەست بەخیانەت دەکەن، من لە تەمەنێکی زۆر بچووکی منداڵی رووم لە قەندیل کرد، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو من خاوەنی ماڵباتێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بووم و ١٠ کەس لەماڵباتەکەم شەهید بوون، لەناویاندا خوشکەکەم کە دوای ئەوەی پۆلیسی تورکیا گەمارۆیان



دا تا دوا فیشەك شەڕی كردو لەبری تەسلیم بوون، خۆی شەهید كرد، پۆلیسەكانی توركیا باسی ئازایەتی و خۆڕاگری ئەم كچەیان دەكرد، كەچی لای پەكەكە ئەم فیداكاری و شەهیدبوونە هیچ گرنگی نەماوە، ئێستا من و خاوەنی دەیان شەهیدی تر دەپرسین لەپێناو چی گەلی كورد ئەو هەموو شەهید و قوربانییەی دا؟ بە تەئكید لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی بوو، لەپێناو سەرفرازی گەلەكەیان شەهید بوون، تا كوردستان سەربەخۆ بێت، كەچی ئەوان باسی كۆماری توركیای دیموكراتی دەكەن، شۆڕشێك ٣٠ ساڵە بەردەوامەو خاوەنی ئەو هەموو شەهیدەین، كەچی سەرئەنجام پەكەكە شۆڕشەكەیان تێكشكاندو ڕێگای خۆیان گۆڕی و دژی پارتە كوردییەكان ڕاوەستانەوە، ئەمەش هەمووی لەپێناو بەرژەوەندی تەسكی حزبی و جێبەجێكردنی مەرامی داگیركەرانی كوردستان بووە، ئەوەتا هەموو كورد دڵخۆشە بە ڕاگەیاندنی ڕۆژی ریفراندۆم و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی كوردستان، كەچی پەكەكە دروشمی یەكپارچەیی و پەیوەندی لەگەڵ حەشدی شەعبی و بەغدا هەیە و بۆی بكرێت لەگەڵ بەرەی دوژمنەكانی سەربەخۆییدا ڕووبەڕووی خواستی كوردستانی باشوور دەبێتەوە.

*** ئایا هەڵبژاردنی بەردەوامبوون لەدەستتێوەردانی كوردستانی باشوور، زیان بەمێژووی خەباتی پەكەكە ناگەیەنێت، بەداخەوە لەناو هەموو هێزە كوردستانییەكاندا پەكەكە دژایەتی ئەم دەرفەتە دەكات كە بۆ كورد هاتۆتەپێشەوە، ئایا پەكەكە لە پێناوی چی دژایەتی بەرژەوەندیی كورد دەكات؟**

- پەكەكە هەرگیز ڕاستگۆ نەبووە لە ستراتیژی و سیاسەتی خۆیدا، تەنانەت لە ڕووی تەكتیكیشەوە كاری لەگەڵ وڵاتانی داگیركەر كردووە، باسكردنی پاراستنی یەكپارچەیی خاكی عێراق و پەیوەندییەكانیان لەگەڵ ئێران و بەرەی شیعەو حەشدی شەعبی جوانترین بەڵگەیە، كە پەكەكە خوازیارە ئەم دەرفەتە زێڕینەی سەربەخۆیی لەدەست كورد بچێت. پەكەكە سەربەخۆیی كە پرۆژەیەكی نەتەوەییە تێكەڵ بە ناكۆكیی سیاسی و كاری حزبایەتی كردووە، لەكاتێكدا ریفراندۆم بۆ نەتەوەیەكە كە سەدان ساڵە خەباتی كردووە لەپێناو سەربەخۆییدا، پێویستە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەكان بەجیاوازی ئایدیۆلۆژی ململانێی حزبییان، ئامانجی نەتەوەیی وەكو قیبلە بە یەك ئاراستە كۆیان بكاتەوە، نەك وەكو پەكەكە كاروچالاكییەكانی لەدژی سەربەخۆیی و خواستی گەلی كوردستانی باشوور كۆبكاتەوە.

**ئێران هەرچی شەڕو ئاژاوەو ناکۆکیی سیاسیی نێوان حزبە کوردستانییەکانە بەدەستی ئەنقەست دروستی کردووە، چونکە باش دەزانن بە یەکدەنگی و یەکڕیزی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست دەبێت**

**ئێستا بەئاشکرا لە ڕێگەی حەشدی شەعبییەوە پەکەکە مووچە لە ئێران وەردەگرێت و یارمەتی سەربازی لە ڕێگەی حەشدی شەعبی و یەپەشەوە دەنێردرێتە قەندیل، ئەمەش لەبەرامبەر کردنەوەی ڕێگای هیلالی شیعی بەرەو سووریا و لوبنان و حزبوڵایە**

**ئێران لەکۆنەوە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ پەکەکە هەیە من لەساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٤ کە لە چیا بووم بەئاشکرا دەمبینی چەندین ماڵ و خێزانی سەرکردەکانی پەکەکە لە ئێران بوون و بریندارەکانیشیان هەر لە ئێران چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرا، گەرچی جار بەجار ناکۆکی و بگرە شەڕیش لەنێوان پەکەکەو سوپای ئێران دروست دەبوو**

*** ئایا مانەوەی پەکەکە لەشنگال و عینادییان لەداواکاری و خواستی کوردانی ئێزیدی و مەرجەعی ئایینی و میری ئێزیدییان لەچۆڵکردنی ناوچەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن ئاوەدان بکرێتەوەو کوردی ئێزیدی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بۆ ویستی حەشدی شەعبی و ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە کە پەکەکە بەوەکالەت کاریان لەگەڵ دەکات؟**

- مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو بەڵێنەی جێبەجێ کرد کە بەکوردانی ئێزیدی دابوو، ئەوە بوو لەداستانێکی گەورەدا لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شەهیدبوونی ٧٠٠ پێشمەرگەی قارەمان شنگال ئازادکرا، بەمەش کاری پەکەکە لەو دەڤەرە تەواو بوو، پێویست بوو پەکەکە ئەم ناوچەیە چۆڵ بکات کە پێشتر بە حوکمی جوگرافیای ناوچەکەو چیای شنگالەوە لەم ناوچەیە بارەگایان دانابوو، ئێستاکە لەبەر ئەوەی پەکەکە ئەجیندەی وڵاتانی تری هەڵگرتووەو بەفەرمانی ئێران دەجووڵێتەوە و لە ڕێگای حەشدی شەعبی-یەوە مووچە و پێداویستی بۆ دێت، هەر بۆیە ئامادە نییە ناوچەکانی شنگال چۆڵ بکات، ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێست و کاری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی گەلی کوردستانی باشوور و هێزی پێشمەرگەیە کە کاتێک کۆبانێی پاراست و کارەکەی تەواو بوو ڕاستەوخۆ کشایەوە. پەکەکە لەهەر شوێنێك بێت، بەهاوشێوەی داعش ژیان و ئاوەدانی تێدا نابێت و دەستی دەرەکی رادەکێشێتە ئەو ناوچەیەو ململانێی و شەڕەکانی بۆ ئەوێ دەگوازێتەوە، ئەوەتا فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بینیمان چۆن ئەم ناوچەیەی بۆردوومان کردو چەندین پێشمەرگە شەهیدو بریندار بوون.

*** لە ئێستادا هەموو وڵاتانی جیهان پشتگیری لە سەرۆك مسعود بارزانی دەکەن بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی و ڕێز لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەگرن؛ کەچی پەکەکە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاڵاو دروشم و سیمبولی کورد وەستاوەتەوە، ئایا ئەمە زیان بە هێڵی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان ناگەیەنێت؟**

- پەکەکە دەڵێت مێژووی کورد لەمنەوە دەستی پێکردووەو لەمنیشەوە کۆتایی دێت، لەکاتێکدا لەناو ریزی پەکەکە کەسانێك هەبوون کە بیروباوەڕی نەتەوەییان بەرز بوو لەسەر بیری قازی محەمەد و شێخ سەعیدی پیران و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی بوون، پەکەکە ئەمەی لا قبووڵ نەبوو، ئاڵای خۆیان کە ئاڵایەکی حزبییە لەسەرووی هەموو ئاڵایەك دادەنێن و ڕێزیان لەئاڵای ڕاستەقینەی گەلی کوردستان نەدەگرت، ئەو ئاڵایەی کە هەستێکی نەتەوەیی بە تاکەکان دەدات، تەنانەت زۆربەی جار لەبری ئاڵای کوردستان پەکەکە ئاڵای تورکان هەڵدەگرێت و لە مەراسیمی کۆنگرەکان بەشدار دەبێت، لە نەورۆزدا کە بۆنەیەکی نەتەوەییە هەر کەسێك ئاڵای کوردستانی بەرزکردایەتەوە، پەکەکە پەلاماری دەدا و دەیسووتاند، وە نەبێت پەکەکە دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی تەنیا بۆ ململانێیەکی حزبی بێت لەگەڵ ئەو پارتە، بەڵکو پەکەکە هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەك و ئاڵاو دروشمێکی جگە لەخۆی قبووڵ نییە، بەڵام ڕێگری گەورە لەبەردەم خۆسەپاندن و جێبەجێکردنی ئەجیندەی دەرەکی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەم ڕوانگەیەوە جارێ زۆربەی دژایەتییەکانی خۆی ئاراستەی سەرۆك بارزانی و پارتەکەی کردووە، چونکە باش دەزانێت بارزانی و پارتی لەسەر هێڵی نەتەوەیی و نیشتمانی خەبات دەکەن، ئەوەش بە ئاستەنگێك لەبەردەم بیرو ئایدیای خۆی دادەنێت، هەر حزب و لایەنێکی تری کوردستانی وەکو پەکەکە بیر نەکاتەوە، بەهەمانشێوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، پەکەکە تەنیا خۆی بەحزب دەزانێت و هەر خۆشی دەوێت، پەکەکە لە باکووری کوردستان دژی هەموو ئەو پارت و لایەنە بچووکانە ڕاوەستایەوە کە باوەڕیان بە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی و نیشتمانی هەبوو، ئەم هەڵسوکەوتە هەڵەو خراپەی ڕووبەڕووی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش کردووەتەوە.

*** پەکەکە دەیەوێت ئەزموونی خۆی لە شەڕی خەندەق لەکوردستانی تورکیاوە بۆ شنگال و ناوچەکانی کوردستانی باشوور بگوازێتەوە ئایا بەم کارە چ خزمەتێك بەکوردانی ئێزیدی دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگەو پێش وەڵامدانەوەی پێویستە باسێکی شەڕی خەندەقتان بۆ بکەم؛ ئۆپەراسیۆنی خەندەق کە لەلایەن پەکەکەوە بۆ تێکدانی پرۆسەی ئاشتی بەڕێوەچوو، هەڵەو گوناهێکی گەورە بوو دژی کوردو پرۆسەی ئاشتی و بەرەوپێشچوونی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد، چونکە گرنگترین پرۆسەی ئاشتی بۆ کورد لەناو بردوو خزمەتێکی گەورەی دەوڵەتی تورکی کرد، لەم ئۆپەراسیۆنەدا کورد لە ماڵوێرانی و تێکدانی گوندو ماڵ و حاڵی زیاتر هیچی دەست نەکەوت، زیاتر لە ٧ هەزار گەنجی کورد کوژران و هەرچی شارەوانییەکانی کوردستان ئەوەی بەدەستی کوردەوە بوو، لەدەستی داو ٨٠ کورسییەکەی هەدەپەش لەپەرلەمانی تورکیا بەهۆی کاروکردەوەی پەکەکەوە لەناوچوون و هیچ کاریگەرییان نەماو زۆر لە پەرلەمانتاران خرانە زیندانەوە، کەس

ناتوانێت باسی باشیی شەڕی خەندەق بکات، جگە لە ڕاگەیاندنی پەکەکە لە قەندیل، بەرپرسێکی وەکو دۆڕان قاڵغان دەڵێت: «لەشەڕی خەندەق سەرکەوتنێکی بێوێنەمان تۆمار کرد.»، ئەم بەرپرسەی پەکەکە لە قەندیل بەئاشکرا درۆدەکات، چونکە کورد لە شەڕی خەندەق ماڵ و حاڵی تێکچوو، منداڵی خەڵکی کوژراو ژمارەیەکی زۆری کوردی باکووری ناچارکرد بەرەو ئەزمیرو ئەستەنبوڵ و شارەکانی تورکیا کۆچ بکەن، دوای ئەوەی کارو کاسبییان نەماو کوردستانی باکوور نائارام و خاپوور کرا، لەهەمووی خراپتر شەڕی خەندەق کوردی لەباکووری کوردستان بە بێکەس هێشتەوە، تەنانەت شەڕی خەندەق ژمارەیەکی زۆری گەنجانی کوردی وا لێکرد بەهۆی هەڵەکانی پەکەکەوە چەك بۆ سوپای تورکیا هەڵبگرن و چوونە ڕیزی سەربازی تورکیاوە، ئەمە خەسارەتە گەورەکە بوو، هەرشوێنێك بەدەست پەکەکەوە بوو، لێی کشایەوە و خستیە بەردەستی جەندرمەی تورك، تەنانەت لەقەندیلیش هەرچی گوند هەبوو، چۆڵکران، ئەمەیە تەجروبەی پەکەکە لە باکووری کوردستان کە دەیەوێت لە باشووری کوردستان بەتایبەتی لە شنگال جێبەجێی بکات، هەتا پەکەکە لە شنگال بێت، وەکو قەندیل ژیان و ئاوەدانی تیا نابێت، چونکە لە خەڵکەکەی سەرانەو باج وەردەگرێت، تەنانەت ئەو ناوچەیە بۆ ململانێ و ئەجیندەی دەرەکی بەکار دەهێنێت.

*** ڕفاندنی کچ و کوڕی لاوی کوردستان و بەزۆر چەکدارکردنیان بەتایبەتی کچان و کورانی ئێزدی، کە لای ئەوان ئەم ڕەفتارانە قبووڵ ناکرێت، لای پەکەکە ئاساییە، بۆچی پەکەکە ڕێزی دابونەریتی کوردانی ئێزدی ناگرێت؟**

- چەکدارکردنی کوڕو کچی خوار تەمەن ١٨ ساڵ نەریتێکی کۆنی پەکەکەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە لە ڕۆژئاوا پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی سەیر بکرێت و لەزۆر وڵاتدا چالاکییان قەدەغە کردووە. پەکەکە هەر زوو هانی کوڕو کچانی مێرمنداڵی دەدا لەماڵباتی خۆیان هەڵبگەڕێنەوە و بچنە شاخ، لەوێش بە ئایدیۆلۆژیای سەقەت و دوور لە نەریتی کوردەواری و نەتەوەییەوە فێری چەکداری و هونەری شەڕکردنیان دەکەن، بەتایبەتی دژی حزب و پارت و فیکری نەتەوەیی کورد، من خۆم کە تەمەنم حەوت ساڵ بوو لە ریزەکانی پەکەکەدا بووم و ڕێگایان پێنەدەدام بچمەوە ماڵی باوکم و دایکم و خێزانەکەم ببینم، تەنانەت هەواڵیشیانم نەدەزانی، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی هەست و سۆزی خێزانی و بیری باوك و دایکت نەکەیت، قەرە سور کە یەکێکە لە سەرکردەکانی قەندیل دژی هاوسەری و پێکهێنانی خێزانیش بوو، باشە بێ خێزان نەتەوە چۆن دروست دەبێت و گەنجی کورد چۆن هەستی خۆشەویستی و سۆزیان بۆ کورد و خاك و نەتەوەکەیان دەبێت؟ ئەمە ناسیستەمی و ناعەقڵانی و ناشۆڕشگێڕییە.

*** پەیەدە هەمان سیاسەتی پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان پەیڕەو دەکات و مۆرکێکی دیکتاتۆری و تاکڕەویی هەیە، بەهەمان شێوەی پەکەکەش دژی پێشمەرگەو ئاڵای کوردستان و گەلی کوردستانی باشوور هەڵسوکەوت دەکات، ئایا پەیوەندی نێوان پەکەکەو یەپەدە چییە؟**

- پەیەدەش هەر پەکەکەیە لە قەندیل دامەزراوە و پەژەکەش هەر پەکەکەیە و بەناو لەدژی ئێران دامەزراوە، بەڵام بۆ لێدانی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە، من لەکۆنگرەیان بەشدار بووم و سێ ساڵیش لەگەڵ ئەواندا لە ڕۆژهەڵات خەباتم کردووە، لە شنگالیش یەپەشەی دامەزراند، ئەم یەکینانە تەنیا بۆ بەرنامەی پارچە پارچەکردنی کوردستان و دامەزراندنی کانتۆنەکان بووە، تاوەکو گەلی کورد بەرەو سەربەخۆیی نەچێت، بەئاشکرا پەکەکە پێیان دەوتین دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان مەترسی لەسەرمان هەیە، دواتر ئێمە زانیمان لەناو دەوڵەتی کوردستاندا بوونی پەکەکە نامێنێت و ناتوانێت ئەجیندەی وڵاتانی ئێران و شام جێبەجێ بکات، ئێران لەکۆنەوە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ پەکەکە هەیە من لەساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٤ کە لە چیا بووم بەئاشکرا دەمبینی چەندین ماڵ و خێزانی سەرکردەکانی پەکەکە لە ئێران بوون و بریندارەکانیشیان هەر لە ئێران چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرا، گەرچی جار بەجار ناکۆکی و بگرە شەڕیش لەنێوان پەکەکەو سوپای ئێران دروست دەبوو، بەڵام ئەو شەڕو ناکۆکییانە پلانێکی ئێران بوو بۆ ئەوەی پەکەکە زیاتر بچێتە ژێر دەستیەوە، ئەوەتا ئێستا بەئاشکرا لە ڕێگەی حەشدی شەعبییەوە پەکەکە مووچە لە ئێران وەردەگرێت و یارمەتی سەربازی لە ڕێگەی حەشدی شەعبی و یەپەشەوە دەنێردرێتە قەندیل، ئەمەش لەبەرامبەر کردنەوەی ڕێگای هیلالی شیعی بەرەو سووریا و لوبنان و حزبوڵایە. ئێران نەك تەنیا لە ناوچەی شنگال کار لەسەر فراوانکردنی پێگەو دەسەڵاتی خۆی دەکات، بەڵکو ئێران هەرچی شەڕو ئاژاوەو ناکۆکیی سیاسیی نێوان حزبە کوردستانییەکانە بەدەستی ئەنقەست دروستی کردووە، چونکە باش دەزانن بە یەکدەنگی و یەکڕیزی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست دەبێت و تاکە ئاستەنگیش لەبەردەم ئەم پرۆژە نەتەوەییە پەکەکەو تێکچوونی ڕیزی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردە.

**پەکەکە لە باکووری کوردستان دژی هەموو ئەو پارت و لایەنە بچووکانە ڕاوەستایەوە کە باوەڕیان بە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی و نیشتمانی هەبوو، ئەم هەڵسوکەوتە هەڵەو خراپەی ڕووبەڕووی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش کردووەتەوە**

**لەبەر ئەوەی پەکەکە ئەجیندەی وڵاتانی تری هەڵگرتووەو بەفەرمانی ئێران دەجووڵێتەوە و لە ڕێگای حەشدی شەعبی-یەوە مووچە و پێداویستی بۆ دێت، هەر بۆیە ئامادە نییە ناوچەکانی شنگال چۆڵ بکات**

**لە پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، پەکەکە بەرنامەی خۆی لە سەربەخۆیی کوردستان بۆ دەوڵەتی تورکیای دیموکراتی گۆڕی، بەمەش ژمارەیەکی زۆری شەڕڤان و سیاسەتمەدارو لایەنگرانی پەکەکە دەستبەرداری ئەو حزبە بوون**